Ji bo projê hata niha di navbera berpirsîyarên Federasyonê, Daîra Mihaciran û kargerên kampan de çar civîn li dar ketine. Projê 1'ê meha Çirîyê dest pê kirîye û wê heta 1'ê meha Tîrmeha 1989'an dom bike. Di nav vê demê de berpirsîyarên Federasyonê wê li gor programeke tesbîtkirî, biçin seredana her du kampên -Laxå û Hälahult- ku kurdên penaber lê dijîn. Û rewşa civakî, malbatî û hîndekarîya kurdên penaber lê bikolin. Her weha wê bi kurdên mihacir re bipeyivin û daxwaz û pêşnîyazên wan bigihînin cihên resmî. Bi navê Federasyonê heval Keya û Dîcle berpirsîyarên projê ne.

Encama projê wê bi raporekê bê belavkirin. Eger proje bi ser keve, wê li salên pêşîya me di kampên din de jî bê domandin.

# Yê dizane dizane, yê nizane baqê nîskan e!

Dîyar e, mejîyê derebegtîyê û gîyanê axatîyê li Ewrupayê jî wê bi me re biçe gorê. Qelafetê me hatîye guhertin, lê mejîyê me hîn ê berê ye, tevî ku navê nivîskarî, hozanî û helbestvanîyê hatîye ser gelekan ji me. Û heya bêyî ku em heq bikin, em navê ronakbîrîyê li pey xwe dixin. Di eynî wextê de jî ji bîr dikin ku ne her kurê bavan dikarin ji bin vî barî rabibin û bibin xwedîyê rawiştên rengo-rengo. Yek ji wan rawiştan: dilbiçûkî û nepozbilindî û di çarçewa demokrasîyê de qebûlkirina rexna ye. Lê mixabin xuya bû ku hin "pêşengên" me hîn elîfbayê êtîka rexnegirîyê fam nakin. Ji ber vê yekê me biryar da ku ji îro pê ve di "Bêhnok"a xwe de bi tenê pesnê kurdan û dezgehên wan bidin:

Welatê me Kurdistan, welatekî serbixwe û azad e. Rejîma wê demokrasî û cumhurîyet e. Wek hemû welatên xwedî sîstemek demokrasî, li cem me jî rê li ber karê sîyasî û civakî vekirîye. di warê demokrasîyê de gavên ku me avêtine tu kesan navêtine û heger ew bavêjin jî, nagihên toza me. Her weha jî me ji hemû kesan bêtir mirovên bîyanî li cem xwe qebûl kirine. "Mêvanên" ku ketine nav çavên me ji yên hemû welatên cîhanê bi hev re, pirtir in. Me ne tenê ew hewandine, lê ji ber demokrasîya xwe ya xwedî çerçeweke fireh, me bi koletî xwe li ber wan çemandîye. Me comerdîyek weha li wan kir, heya me mal û war ji wan re hişt û em ji der ve man. Dibe ji ber vî tiştî ev serpêhatîya kurdan hatîye gotin: "Mirîşka ji der ve bera ya hundir da."

Em van rastîyan dîyar dikin, ne ku em minnetê li xwe dikin. Na, hîç. Bi tenê mebesta me ew e ku qencîya me wenda nebe. Û bi rastî jî qedr û marîfeta me bû "mêvanên me" belaş neçû. Birayên me, Arîyên ewrûpî em ji bîr nekirin. Di lûsên xwe yên nuh de me ji hemû bîyanîyan pitir navûdeng da. Li vir wilo navê me bi rindayetî derketîye, heya em nagihên bibêjin: "Em ji Kurdistanê ne", mirovên cî bi îhtîram ji ber me dipengizin û bi awirên xwe me bi rê dikin. Ma ji vî qedrî çêtir? Ev marîfeta ku ji me re tê xuya kirin, ji ber serpêhatîyeke din hatîye girtin: "Tu çi biçînî, dê wê biçinî".

Enstîtuya Kurdî kevirê reş e û kesên wê pêxember in û yên ku rexna li wan digrin, divê mîna şeytên bêne recimandin.

Mamostayê giranbiha Rojen Barnas ne tenê kurmancîya berî demê xwe û ya niha baş dizane, ew kurmancîya ji dema Zeredeşt û heya kurmancîya neslên piştî du hezar salên pêş me jî "baş û xweş" dizane. Her kesê bawer neke, bila li nivîsara "Çend gotinên pêwist" ya ku redaksîyona Berbangê di hejmara 52 a Berbangê de belavkirî, binêre.

Mirovên me welê hez ji welat û miletê xwe dikin heya ku: dibêjin, berpirsîyarekî Enstîtuya Kurd li Elmanyayê gepa di devê zarokên xwe de girt û pêşkeşî Enstîtuyê kir ji bo ku xizmeta çand û edebîyata kurdî bike.

Lê, her çî rewşa çanda me ye, devê min ji kêfa nagere ku ez li ser bipeyivim. Ew, wilo bi pêşve çûye ku mirov bawer nake çilo kurdên hov dikarin şeva li dar xin. Rojname û kovaran çap bikin û pirtûkan binivîsin. Û tiştê ku dijminê me matmayî dihêle: hejmara dezgehên ilmî yên kurdî ye. Li gor sitatîstîkan heya roja îro 3-4 akademîyên me hene. Li pey wan Enstîtuyên me tên ku bi hezaran kadirên ilmî û sîyasî ji me re digihînin. Bi saya serê wan kadiran îro Încîl jî bi kurmancî belav bûye. Helbet nabe em qala komele û federasyonên xwe nekin. Wan jî wilo şax û bax dane heya ku mirov ji çavên xwe bawer nake çima navê dewlet û hukumetan li wan nabe! Ma kî dizane, belkî rojek bê û navê hukumeta li derveyî welêt li wan bibe.

Ji ber vî karê aktîv yê çandî, edebî û siyasî, Komîta Xelata Nobel îsal xelata xwe ya lîteraturî pêşkêşî romannivîsê me yê herî ewrûpî kir. Bi saya vî tiştî îro bi hezeran pirtûkên me çap dibin. Loma jî bi dehan çapxanên me mîna pîvokan li ber hev şîn dibin.

Weke hûn dibînin hemd ji Xwedê re ne bi tenê her tiştê me heye, her weha jî pêşketî ye. Gelo miletê ku xwedîyê sewîyeke wiha bilind be, çi jê kêm e?

Bi xwe ez nizanim û çima ez nizanim, ez nizanim. Dîyar e û ji ber tirsa gotina rastîyê ev serpêhatîya ha jî di nav kurdan de belav bûye: "Yê dizane dizane, yê nizane baqê nîskan e".

**Bavê Nazê**

# دەزوو

عەبدوڵلا قەرەداخی

لە نێوان خوێن و گیانمدا بەندی پەیوەندی: ئێوەن
کە بزە باسی ناخی زەشپۆشی ئێوەم بۆ بکات،...
گیانم هەڵدەچێ
خوێنم شاڕێی خۆی لێ زیز دەبێت و ،
بورکانی نەفرەت جەستەم دادەگرێ
کە بەهار سازی گەڵاڕێزانی دڵتان لێ بدات، ...
خوێنم دەسووتێ
گیانیشم، بەسەر دڕکەزی و لمی بەرخۆری هاوین ...
ڕێی نێوان هەموو ئەستێرە و مانگ و هەتاوێک دەبڕێ
ئەو ڕۆژەی هاتم ...
هەموو کونجێکی بوونم پشکنی، هیچم شک نەبرد
بەڵام فرمێسکی دایکی بێ کەسم بەئێوە سپارد
کاتێک پشتوێنی جودابیم بەست و ماڵئاواییم کرد...
دڵۆپێک خوێن و بڕستی گیانم بۆ خزمەتتان نارد
من هیچم نەبوو، هیچیشتان نەویست
دەمم بە هاوار بۆ نەکردەوە
بەڵام هاواری کەساسیی منتان لە ناخی خۆ بیست
* * * *
ئەی پاسەوانی فرمێسکی دایکم
دە تۆ خۆت بڵێ:
لە ملیۆن ساڵەی تەمەنی خۆتدا،...
هیچت بەدی کرد بەقەد فرمێسکیدایکان ڕاستگۆبێت؟
گەر ڕۆژێکیش ڕۆژ، لە ڕۆژئاواوە، بپشکوێ و هەڵێ ..
دەکرێ گیانی کوڕ لە دڵی دایکی بڕبێ و نامۆ بێت!؟
دەخۆت بڵێ:
پاش مەرگی دایکت،...
دەبێ چ خاکێک شایانی دڵی وا بە شکۆ بێت!!؟
دایکم هەواری دەرد و ئازاری ژینێکی تاڵ بوو،...
بەڵام شابازی ویستی لە دوندی سەرفرازیدا
هێلانەی دەکرد
دایکم گیرۆدەی ساویلکەیی بوو، کاڵ بوو، بێ باڵ بوو،...
بەڵام کڕنووشی بۆ هیچ ویستێکی ئەهریمەن نەبرد
دایکم دوو چاوی هەبوو بۆ گریان
دوو دەستی هەبوو بۆ چێشت لێنان و نان و سنگ کوتان
سنگێکی هەبوو بۆ هەناسەی سارد
بەڵام دڵێکی گەورەشی هەبوو:
دڵی دایکێتی
یەکجار گەورەبوو، گەورە و فراوان
گەورەتر لە رق، لە چاوچنۆکی و خەم و برسێتی
گەورەتر لە شین، لە قوڕبەسەریی و بێ باریی گێتی
بۆ کامە دەزووی پساوی هیوا و ئارامم بگرییم
شەرم سەرتاپای جەستەم دادەگرێ
ئەگەر ژیابام ...
دەبوو بۆ بزەی ئەو دایکە بژییم،
کە بە فرمێسکی خوێناویی ئێشکی تەمەنی گرتم
هەرچەند تەنیا بام...
دەبوو هاوڕێتیی ویژدانی مردووی ئەو دڵڕەشانەم قەت
نەکردبا،...
کە دوا تاسەیان لە گەرمەی ئەشکی دایکمدا کوشتم
ئەی ساڵانی خەم
ساڵانی ونی و ئاوارەیی و زام
ساڵانی هیوای لەبارچووی دایکم و،
ڕەوتی شێتانە و خەونی نابەجێم
کە دایکم بمرێت...
شیر و فرمێسک و نان و خەونی ئەو،...
چۆن دەبوورن لێم!؟

١٨-٤-٩٨٨

(کوردستان)

www.arsivakurd.org

# ئاخر زەمان:

باوکێک کوڕەکەی خۆی بۆ سەددام حوسەین دەکوژێت! عەبباس، سەربازی راکردوو بوو، باوکی خۆی دەیکوژێت، پاش ئەوەی سەددام بەم کارە دەزانێت، کابرا بانگ دەکات و لێی دەپرسێ:بۆ کوڕەکەی خۆت کوشتووە؟

ئەویش دەڵێت: لەبەر ئەوەی سەربازی قادسیەکەی تۆبوو و رایکردبوو، بۆیە کوشتم. سەددام دەست بەجێ دەمانچەیەک و میدالیایەکی جەنگیی بە خەڵات دەداتێ.

گۆڤاری «شتێرن»ی ئەڵمانی لە ژمارەی ۲۲/ئەیلولی ۱۹۸۸دا زۆر بە سەرسوڕمانەوە ئەم هەواڵە و وێنەی کوڕ و باوکە کوڕکوژەکەی بڵاوکردۆتەوە.



وێنەی باوکی کوڕکوژ



وێنەی کوڕ

## بۆ یادی چل ساڵەی یاساکانی مافی مرۆڤ!

لە ساڵی ۱۹٤۸دا زۆربە دەوڵەتەکانی دنیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان یاساکانی مافی مرۆڤیان مۆرکرد، هەموو پێکەوە باوەڕیان بە مافی چارەنووسی مرۆڤ و سەربەخۆیی نەتەوەکانی سەرتۆپی زەمین هێنا .. مافی پێشکەوتنی ئابووری و کولتووری و شارستانی بەبێ جیاوازی زمان و رەگەز و ئاین و نەتەوە و بیروباوەڕ بۆ هەموو مرۆڤێک بێت ... مافی ژیان و بیرکردنەوە و پێشکەوتن و تەندروستی لەش و دەروون ، ... هتد. بەڵام بۆ نەتەوەی کورد لە کوردستانی بەزۆر داگیرکراو و دابەشکراودا لە ساڵی ۱۹۲۳وە هەموو مافێک زەوت کراوە، و داگیرکەرانی بەدەردیکیان بردووە کە تەنانەت بە کۆمەڵ و بە چەکی کیمیایی لەناوی دەبەن و ئاوارەی دەکەن، بەجۆرێک کە هەموو دژ بە یاساکانی مافی مرۆڤ و گەلانی دنیایە. بەناوی هەزاران منداڵ و ژن و پیری کوردی زامدار و ئاوارە وبەناوی هەزاران شەهیدی چەکی کیمیاییەوە پیرۆزبایی خۆمان لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین!

### پارچە شیعرێک

بەسەر گۆڕی ئەم جەندەکەوە
چی دەنووسێ داوەری مێژوو؟
رەنگە ئاوەها بنووسێ:
لێرەدا کەسێک وەرکەوتووە
کە هەزارساڵ لە کاتی وەدایک بوونی وەدرەنگ کەوت
لە هاوچەرخان نەبوو
کاسەکەلی دڵیشی دێرانەی زەریای هەیڤینی
خەڵکی نەبوو
لە نێوان فرمێسکی شادیەوە هات و
لە کەنگاودا رۆچوو

جەندەک: لاشە، لاک
هەیڤین: محبت
دێرانە: ظرفیت

ناسری رەزازی
لە فارسیەوە کردوویە بە کوردی

## وەڵام دانەوە

با چاڵێکی گەورە لێدەین
ترس و..
گومان و ...
بەدبەختی و ...
بێدەنگیمانی تێ فڕێدەین!.
با رەشەبای تووڕەییمان ..
تۆز و خۆڵی سەدان ساڵەی سەرچاوی شار،
بسڕێتەوە!
لە چاوی تورەی ناخیشا،
بزەی خۆرەکەی سبەینێ ...
جێگەی هەزارەها شەوی پڕ نەفرەتی
رابردومان بگرێتەوە!
با ئاگرێک بکەینەوە،
وەڵامێکی دەقاودەقی ...
پرسیارەکان بدەینەوە!
ئەی مرۆڤە تاسێنراو و کلۆڵەکان:
هۆ ئەوانەی «رێکەوت» بردوونیە ناو خانەی
عێراقی بوون یان ئێرانی ...
لە شەڕێکا،
کە کۆنەپەرست و فاشیزم دەیانەوێ
ئێوە بوونە قوربانیی!!
دەهەڵسن با ئاگرەکە بکەینەوە ...
سەنگەرەکان،
بەرەو شوێنە پیرۆزەکان ببەینەوە!
با چاڵێکی گەورە لێدەین،
شەڕ و ....
برسێتی و ...
بێکاری و ...
دەربەدەری تێ فڕێدەین!
دەهەڵسن وا...
تووڕەبوون ئێسک و پرووسک و گیانمان دەخوا
«دوێنێ زوو بوو سبەینێش کات بەسەرچووە»*
ئەم گورزەمان کارگەرانە نەوەشێنین
وەکوو دەیان جاری پێشوو
لە نیوەی رێگا مردووە!!.
با ئاگرێک بکەینەوە
وەڵامێکی دەقاودەقی
دەنگی مێژوو بدەینەوە!.

* لینین

مەریوان فەتحی کەریم
(کوردستان) ئایاری ۱۹۸۸

www.arsivakurd.org

زووتر نییە، زوو پاروە نانێک بخۆ و نەختێک خۆت گەرم کەوە ئیدی بێ راوەستان بگەڕێوە شوێنی جارانت. دەنا ئەو شیرەی پێم داوی هەمووت لێ حەرام دەکەم بۆ هەمیشە ناویشت لەبیر خۆ دەبەمەوە.

وتەکانی دایکی لە مێشکی ئاسۆدا وەک برووسکە خولی خوارد. راچڵەکی. دەروونی خرۆشا، چاوەکانی پڕ نورتر بوونەوە، هێزی ئەژنۆ زیاتر بوون و هێندێک بەرەو دوا کشایەوە و بۆ دوایین جار سەیرێکی دیکەی خۆشەویستە ژین تاڵەکانی کردەوە و بە دڵێکی پڕ لە ئەوینی خاکی کوردستان، بزەی رەزامەندانەی کەوتە سەر لێوان. خوێنی سوور و گەش لەسەر روومەتی کۆبوونەوە و هیوای رزگاری کوردستان لەسەر نێوچاوانی دایکی و نازێی خوشکی وەک مەشخەڵێکی گەورە گەورە، بەبەرزایی چیای ئاگری و بە پانایی کێوەکەی بێستون بینی کە لەسەر قەندیلی سەربەرز هەڵگیرسا و بە تیشکی هەموو کوردستانی رووناک کردەوە. پاش هێندێک هەستایە سەرپێ و دایک و خوشکی لە باوەش گرت و بە خۆیەوە گوشین و تێر ماچی کردن و بە گۆێیدا چرپاندن:

– من بۆ ئەوەی ئێوە لەو ژیانە تاڵە رزگار بکەم دەمویست پشت لە شانازییەکانی رابردووم بکەم و ناچار سەر بۆ دوژمن دابنەوێنم، دەنا ... دایکی ماوەی تەواوبوونی قسەکانی نەدا و وەدەنگ هات و گوتی:

– ئێمە لە مێژە تۆمان بە چیا و دۆڵەکانی کوردستان بەخشیوە ... مەگەر نابینی چۆن دوژمنەکانمان بە پیر و لاو، بە زارۆک و دایکانی دوگیان روحم ناکا، هەر رۆژە لە لایەک ماڵمان وێران دەکەن و سامانمان بە تالان دەبەن و سەرەڕای ئەوەش وەک چۆن مێش دەکوژن، ئەئاوا پۆل پۆل و هەزار هەزار قرانمان تێ دەخەن ... خێرابە وەڕێکەوە تاکوو رۆژ نەبۆتەوە ... لەبیرتنەچێ سەگی رەش و سپی فەرقی نییە، تۆڵە لەو زاڵمە بێ روحمانە ئاواتی دڵی منە ... زووکە تاکوو رۆژ نەبۆتەوە بگەڕێوە لای هاوڕێکانت چونکە جێگای تۆ سەر لوتکەی کێوە سەربەرزەکانی کوردستانە، هەڵۆ بەرزەفڕەکەی نێو زوزانە بۆن خۆش و رەنگینەکەی کوردستانم ... زووکە.

نازێ: کاکە گۆرەویەکانی بۆم چنیوی لەپێیان کە، خێرا زەنگاڵەکانت هەڵکێشە، خێراکە تاکوو رۆژ نەبۆتەوە.

# شەوی لاوانی کورد

**بژی گەلی کورد، بژی پێشمەرگە**



رۆژی ١٩٨٨/١./٨ یەکێتی لاوانی کورد لە سوێد، بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی، بۆ کوردەکانی کوردستانی عێراق کە پەنایان بردۆتە بەر تورکیا و ئێران، شەوێکی پشتگیریی سازکرد. سەرۆکی یەکێتی لاوانی کورد لە سوێد وتاری یەکێتییەکەی خوێندەوە و دوابەدوای ئەو تیپی لاوان و تیپی گۆڤەند چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێی کوردیان پێشکەش کرد و کچە گۆرانی بێژ – دەلال – بە تەنبور و دەنگی خۆی، هونەرمەندی کورد ناسری رەزازی بەهاوکاری تیپی مۆسیقای ئاگری شەوەکەیان رازاندبۆوە.

نزیکەی ٤٠٠ کورد و دۆستی کورد بەشداری ئەو شەوە بوون.

# تەنیا مەیە

نووسیوتە دێم<br>
کەی دێی گیانە؟<br>
تا بزانی، چەند چاوەڕێم!<br>
بەڵام، تۆبی زوو هاتنت<br>
ئەگەر هاتی<br>
هەر خۆت تەنیا مەیە؛<br>
هەندێک خاکی (کوردستان) یش<br>
لەگەڵ خۆتا بێنە،<br>
بەدەستی خۆت<br>
– ئەو کلە پیرۆزە –<br>
لەو چاوە سپی بوویانەم بڕژێنە.

*    *    *

نووسیوتە« بێنم<br>
بەشی هەموو شەوانی دووریمان<br>
دەردی دڵ و گلەییت بۆ دێنم»<br>
کەی بۆم دێنی<br>
تا بزانی چەند وەرز بووم<br>
ئەوەندە دار و بەرد و خۆم بدوێنم؟!<br>
بەڵام تۆبی دەردی دڵت<br>
ئەگەر هاتی<br>
هەر بەس ئاوا مەیە:<br>
بەرلەوەی بێی<br>
تاوێک (چیا) م بۆ بدوێنە.<br>
– بەشی هەموو رۆژانی دووریشمان–<br>
دەردی دڵ و گلەیی<br>
ئەو کۆنە دەسگیرانەم بۆ بێنە.

ئاشتی – بەهاری ٩٨٨

www.arsivakurd.org

دوا بەدوای پرسیارەکە ئاسۆ بە جیرە جیر دەرگای کردەوە و لەگەڵ باقەیەک سەرما خۆی بە ژووریدا کرد. نازێش هەر کە چاوی بە کاکی کەوت لە خۆشیان وەک فەنەر راست بوویەوە و بە ئۆخژنی گوتی:

– ئۆخەی کاکە گیان! دایە مزگێنی، کاکەم هاتەوە.!

دایک نەخۆشی لەبیر چۆوە، لە شایان هەستایە سەرپێ. چرای ماڵێ پڕ نوورتر بوو، ماڵەکە گەرمایی ری نیشت، دایک لە خۆشی دیتنی جگەرگۆشەکەی وەک دەریایەکی تۆفانی شەپۆلی دایەوە و سەرمەست بۆلای چوو و باوەشی بۆ گرتەوە، رایموسی، بەخۆیەوە گوشی، ماچی کرد، بۆنی پێوەکرد و هەزار بار خۆی بەقوربان کرد. نازێ ئامبازی بوو، دەستی لە مل کاکی کرد و خۆی پێوە هەڵواسی و تێر ئەم لاولای ماچ کرد، رەنگی زەردی سوور هەڵگەڕا و گەشایەوە، چاوە رەشەکانی بوون بە دەریایەکی مەند و ئارام. وێنەی کاکی تێدا دەجوولایەوە.

دایک و خوشک لە خۆشی گەڕانەوەی تەنیا پشتیوانەکەیان شاد بوون، پێکەنین، فرمێسکی شادییان هەڵوەران. تاسەکانیان سەریان هەڵدایەوە و دڵیان بەهێز بۆوە و لێویان وەک گوڵی بادام پشکوتن. بەڵام هەرکە بوونی مۆڵگەی پشت مالانیان وەبیر هاتەوە خۆشی و شادی لە سەر رووخساریان تارایەوە.

ئاسۆ دانیشت و نازێ پێڵاوەکانی لە پێ دەرهێنا. ئنجا هەرسێک لە دەوری کورسی کۆبوونەوە. ئاسۆ لە بنەوە چاوێکی لە خۆشەویستانی کرد، دیتی: دایکی لەبەر رەنج و خەفەتان گۆڕانێکی سەیری بەسەردا هاتووە و بێ ئەنوایی بەیەکجاری پشتی چەماندۆتەوە. لەم ماوەی دووریەدا تەنانەت تاڵەموویەکی رەش بەسەریەوە نەماوە. نەخۆش و بێ حاڵ، لاواز و رەنگ زەرد، چاوەکانی زەق و سپی، هەر دەتگوت چاوی مەڕی سەربڕاوە .... نازێ گەورە ببوو، بەڵام ژاکاو و لێو بە بار، جلەکانی کۆن و پینەکراو، کە هی چەند ساڵی بەرێ بوو، هەرچەند جلەکانی کۆن بوون، بەڵام لە بەریدا زۆر خاوێن دیارییان دەکرد.

گشت ئەو دیمەنە تاڵ و دڵ تەزێنانە کزەیان لە هەناوی بەرز دەکردەوە و لە حەسرەتان وەک ژنی کەوان وێک هاتبۆوە و دەروونی قوڵپی دەدا.

دایکە بێدەنگی شکان و بە حاڵەتێکی نیوە ترس و بە لەسەرخۆیی رووی کردە لای ئاسۆ و گوتی:

– رۆڵەکەم چۆنە وێراوتە بەو شەوە تووش و سەرمایە بگەڕێیتەوە؟ مەگەر نەتزانیوە دوژمن گوندەکەمانی بە خاتر لە داوخستنی ئێوە خستۆتە ژێر چاودێری. مەگەر نەتبینی ماڵی لێ وێران کردووین و ئەوەی بووشمان بە تاڵانی بردووە! هەرچەند پێش مردنم ئاواتم ئەوە بووکە جارێکی دیکە چاوم پێت بکەوێتەوە و پڕ بە سییەکانم بۆنی هەناسەت هەڵمژمو بە دایم چاوم لە دەرکەی بڕیوە کە بزانم کەی لێم وەژوور دەکەوی‌وە. بەڵام رۆڵە دڵم ئێستا لە ترسان کەوتۆتە جۆلانە و هەست بە مەترسییەکی گەورە دەکەم سەبارەت بە تۆ! بیکە خاتری دایکە پیرەی خۆت. زوو پاروە نانێک بخۆ و بەر لە رووناک بوونەوەلە ئاوایی وەدەرکەوە. دوژمن بێ رەزایە و روحم بەکەس ناکات، دەتگرێ و سک سووتاوم دەکەن.

ئاسۆ کپ و مات بوو، پاش نەختێک مینگە مینگ سەری داخستەوە. بەو حاڵەتە نائاساییەی ئاسۆ، دڵی دایکی داخورپا، چاوەکانی بە مۆڵەق وەستان و بەسەرسوڕمانەوە پرسی:

– ناکا!؟ ناکا ئاسۆ!؟ ناکا!؟

جارێکی دیکە ئاسۆ چاوێکی بەنێو ماڵە وێرانەکە و دایک و خوشکی رەنگ زەرد هەڵگەراوی داخشاندەوە و لە تاوان دەتگوت جەرگ و هەناوی بە نەشتەر کون کون دەکەن. ئیدی بە تەواوی هاتە سەر ئەو باوەڕە کە لەمەودوا بە هیچ جۆرێک تەنیا هێشتنەوەی ئەوانی بۆ ناسەلمێندرێ. لە خەفەتان پێش چاوی تاریک ببوو،دار و دیوار و بن میچی ژوورەکە بەدەوری سەریدا دەسووڕان و دڵی دەگوشرا، لەپڕ وەدەنگ هات و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە رووی هەڵبڕیە لای دایکی و گوتی:

– دایکە ئەمن چی‌دیکە ئەو رەنج و پەژارەیەی ئێوەم بۆ ناسەلمێنرێ. لەوە زیاتر ویژدان رێگام پێ نادا، بەم شێوە نالەبارە ئێوە لە کونە خانوویەکدا بە تەنیایی بەجێ بهێڵم، تابی دیتنی هەناسە ساردی ئێوەم نەماوە و ناتوانم! ناتوانم! بەیانی زوو دەچم لە مۆڵگەی پشت مالان خۆ تەسلیمی دوژمن دەکەمەوە.

دایک رەنگێکی هێنا و برد و چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو.

نازێ سەری داخستبوو، فرمێسکی هەڵدەوەران و شایی و خۆشی تاوێک پێشی وەک خەون و خەیاڵ لێهاتبوو، پەردەی رەشی ماتەم بەسەر ماڵەکەدا کشا. دایک و کچ بیری ئەوەیان دەکردەوە، تازە هەموو شتێک تەواو بوو، ئیدی لە سبەی‌را قارەمانە سەربەرزەکەیان وەک «سەعە» و «قالە» سووک و چاوشۆڕ دەبێ. کاکەی خەباتگێڕی نازێ دەبێ بە رێوی‌یەکی ترسەنۆک و چاوبەرەوژێر. پێکهاتنی رووداوێکی وا ناخۆش بۆ دایک و کچ زۆر لە مەرگ ناخۆشتر بوو. لەبەر ئەوەی ئەوان ژینی بە ئازادی و سەربەستیان دەویست، نەک سامان و جلی جوان. بوونی ئاسۆ لە ریزی خەباتگێڕاندا بۆ وان لە گشت شتی ئەو دنیایە بە ئەرزشتر بوو. حازر بوون تەواوی هەژاری و چارەڕەشی ژیان بەئەستۆوە بگرن، بەڵام هەرگیز شێرەکەی مەیدانی خەباتیان بەسەرشۆڕی لە نێو گەلدا نەبینن، هەر بۆیە دایکی وەک شەپۆلی دەریایەکی تۆفانی خرۆشا و گوتی:

– ئاسۆ! ئاسۆ ئێمە هیچ نیازێکمان بە تۆ نییە و ناشمان بێ، خۆ ئیشاڵڵا لە نێو ئەو گەلە مەزنەدا لە برسان سەرنانێینەوە. دڵنیابە دوژمن لە بەرامبەر خۆڕاگری و یەکگرتوویی گەلدا بەچۆکدا دێ و سەربەرزی و شانازی بۆ ئێوە دەمێنێتەوە.

ئاسۆ وەڵامی دایکی دایەوە:

– دایکە خزمەت بەگەل هەر ئەوە نییە پیاو خۆی بە کوشت بدا، یان بیەوێ بە خاتری رزگاری گەل چاوپۆشی لە بنەماڵەکەی خۆی بکا. چونکە ئێستا دەبینم بنەماڵەی من لەو پەڕی هەژاری و رەنگ زەردیدا ژیان دەبەنەسەر. من پێم وایە خزمەت لە ماڵی خۆڕا دەست پێکردن پیاوانەترە. ئاخر لەکوێ دیتراوە، پیاو بنەماڵەی خۆی بەرەو نابوودی و فەساد بکێشرێ و ئەویش قۆڵ بۆ ئاسایش رێنوێنی خەڵکی دیکە هەڵماڵێ ...؟ پیاوی وا شێران بە گوێ بگرێ هەر هیچە. دایک بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە:

– کوڕم خەڵک بە ئاگا و عاقڵ و هوشیارن، چاکە و خراپەیان قەت لەبیر ناچێ. خەمی ئێمەت لەبەر نەبێ، دڵنیابە لەنێو ئەو کۆمەڵە کەسک و سوورەدا لە برسان نامرین. ئەوە پێت دەڵێم چ لە ئێستا

www.arsivakurd.org

# گەڕانەوە

سیامەند

لەنێو جێگایەکەیدا هەر گێنگڵی دەدا، تەزووی سەرما خەوی لە چاوان تاراندبوو. بەتانییەکەی لە خۆیەوە پێچا و خۆی گلۆڵەکرد. بیری دایکی و «نازێ»ی خوشکی تەنانەت بۆ ساتێک لە مێشکی دەرنەدەچوو... هەر کاتێک بەو فیکرە دەگەیشت مەیدانی خەبات بەجێ بێڵێ، مچوڕک بە تەواوی لەشیدا دەهات. بەڵام کاتێک چارەڕەشی و بێ ئەنوایی خۆشەویستەکانی دەهێنایەوە بەرچاو، خەفەت بە هەموو توانایەوە دەروونی دەهاژان.

کازێوەی بەیانی کە هێشتا گورگ و مەڕ لێک جیانەدەکرایەوە، بەتانیەکەی لە سەرخۆی لادا و هەستایە سەرپێ. بێ ئەوەی هاوڕێیانی ئاگادار کردبێ، بە ئەسپایی لە بنکەوە دەرکەوت و ڕێگای سەخت و پڕ لە هەوراز و نەشێوی بە دڵێکی خەفەتبارەوە گرتەپێش.

کەژ و کێو و پێ دەشتەکان بەگشتی چووبوونە ژێر بەفرێکی قورس و لە هیچ لایەکەوە ڕەشایی نەدەبینرا. ڕێگا بەستەڵۆک بوو، لە زۆرشوێنا بەفر مۆر و نەشکاو بوو، لەگەڵ ئەوەشا ڕێبوار بە هاسانی دەیتوانی بە سەریدا بڕوا و سووکە جێپێیەک بەجێ بهێڵێ.

ئاسۆ ئۆقرەی نەگرت، بڕیاری دا بەر لە خۆبەدەستەوەدان سەرێک لە گوندە بچکۆلانەکەی کە دایک و خوشکی ژیانیان تێدا دەبردەسەر بداتەوە. بەڵام بۆ گەیشتن بەو مەبەستە دەبوایە ڕێگایەکی دوور و درێژی ببڕیایە.

وڵات تاریک ببوو، کە گەیشتە ڕاستی ئەو دۆڵەی کە گوندەکەیانی لێ دەرکەوت، هەڵوێستێکی کرد و ڕوانیە دیمەنی ئاواییەکە، کە بەبەرپاڵی تەپۆڵکەیەکەوە بنیاد نرابوو. لە تاک تاکی ماڵەکاندا ڕووناکییەکی کزەڵۆکە دەهاتە بەرچاو. بەڵام لەبەر سەرما و تووشی هیچ کەسێک بەدەرەوە نەمابوو. پێگەی دوژمن کە لەسەر تەپکی پشت ماڵان بوو، ئەفرادەکەی خزیبوونە ژوور، جگە لە گاڵە و لوورەی با لە هیچ لایەک ڕا دەنگ و سەدا نەدەبیسترا و هەر وەک ئەوەی دەچوو ئاوایی هیچ زیندەوەرێکی تێدا نەمابێ!

بۆ ئەوەی کەس نەیبینێ بە باریکە ڕێیەکدا خۆی گەیاندە نێو پۆلەچناری بەرماڵان. کە ئاودڕێکی بەرین چنارستانەکەی بە دووبەش شەق کردبوو. سەهۆڵ و بەفری لێواری ئاودڕەکە سەریان لێک نزیک کردبۆوە، بە هێمنی بازی دایە ئەوبەر و بە پەلە خۆی گەیاندە بن دارێکی ئەستوور و بۆ ماوەیەک هەستی ڕاگرت و سەرنجی دایە دەورووبەر.

پاش ئەوەی دڵنیایی بەدەست هێنا، خێرا چووە بن دیواری ماڵەکەی خۆیان و خۆی لە حەوشەی ماڵێ هاویشت. نەختێک ڕاوەستا، ڕوناکییەک لە درزی دەرگاکەیان لەگەڵ گێژەڵووکە تێک دەئاڵان و لەبەر چاوان ون دەبوون. بۆ تاقیکردنەوە، بڕیاریدا بە پارێزەوە بچێتە ژوور، هەر بۆیە نەختێک خۆی پەساردا و لە سووچێکەوە لە دەرگای ماڵێ ورد بۆوە، لەو کاتەدا بە خۆی گوت:

ئەگەر ئێستا وەژوورکەوم و پێیان بڵێم بەیەکجاری گەڕاومەوە لاتان، لەوانەیە لە خۆشیان شاگەشکە بن. دەزانم لە شایان دەڵێن:

«چاکت کرد گەڕایەوە و لەو تەنیایی و بێ کەسی‌یە ڕزگارت کردین». گومانم لەوەدا نییە کە یەکەم وشەی دایکم ئەوە دەبێ: «کوڕەکەم کوا ئەوە شەرەف و نامووسە، ئەوە ماوەی چەند ساڵە من و خوشکێکی جوان و جحێڵت لە کونجە خانوویەکی وێرانەدا بەجێ‌هێشتووە؟

پیاوی خاوەن شەرەف! هەر نەختاڵێک ئەوەت لەبەرچاودابایە کە پاش مەرگی باوکت ئەتۆم بە چ ڕەنج و مەینەتییەک گەورە کرد، دوایەش ئاوا پشتت تێکردین.

سەرما هێرشی بۆ هێنابوو، بەڵام لە حاستی خۆی تاسابوو، نەیدەزانی چۆن وەژوورکەوێ و لە ناخیدا هەستی بە ئێش و ئازارێکی گران دەکرد. لە شەرمان نەیدەزانی کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دایکی چ بڵێ. لە لایەکی دیکەوە درووست نەبوو پاش ئەو هەموو قارەمانەتیەی لە خەباتدا خولقاندبووی و وەک پێشمەرگەیەکی لایەق و لێهاتوو وێردی سەر زمانان بوو، ئێستا گوز و گومبەت وەژوورکەوێ و خۆی بهاوێتە سەر کەوشەکانی دایکی و بێژێ ڕێگایەکەم چەوت بووە، و دایکە ببوورە. بە خۆی گووت:

«نا نا ئەوەی ناسەلمێنم و هیچ وەختانێک ئەوەی ناڵێم، نا ڕێگای من درووست بووە و بیروباوەڕێکی پیرۆزم بووە ... دەزانم «نازێ» بە ئەندازەی دنیایەک شاد دەبێ. ئاخر خوشکە خنجیلانەکەی من، ئەوە ماوەی چەند ساڵە دەستی بە رووی خۆی گرتووە و شووی نەکردووە. دەزانم نازێ بە گەڕانەوەی من ئاواتەکانی وەدی دێن. چونکە هەمیشە دەیگوت کاکە گیان شەرت بێ لە شایی تۆدا حەوت شەو و حەوت ڕۆژ سەرچۆپی کێش بم». دەی بۆچی وا داماوی؟ چاوەڕوانی چی دەکەی؟ دەی! بڕۆ ژوورێ.

کەمێکی دیکە چاوێکی بە دەرک و بانی ماڵە وێرانەکەی خۆیاندا گێڕا. تەویلە و کادێنەکەیان بەسەر یەکدا تێک تەپیبوون، وادیار بوو ئەو چەند مانگا و بزنەی بوویان نەمابوون، بێگومان دایکی لەبەر دەست تەنگیان فرۆشتوونی، یان لەبەر نەبوونی تفاق قڕیان تێ‌کەوتبێ!»

وردە وردە سەرما لە ئێسقانی کاری دەکرد و تابی خۆڕاگری دیکەی نەمابوو، هەر بۆیە بە دڵە خورپەوە لە دەرگای ژوورێ نزیک بۆوە، لە کەلێنی دەرگایەڕا ڕوانیە نێو ژوورێ و دیتی:

چرا حەوت نمرە کۆنەکەی جارانیان لە سەر کورسی داناوە. دایکی لە لایەکی کورسی بە سەروملی پێچراوەوە ڕاکشاوە و نازێش لە لایەکی دیکە ڕوو بە دەرگا دانیشتووە و خەریکی گۆرەوی چنینە. ئاسۆ بە لەسەرخۆیی لە دەرگای دا. نازێ بە دەنگێکی نزم و لەرزۆک بە ترسەوە گوتی:

– بەو شەوە کێیە؟

ئەمە کوردی ئێرانە یا کوردی تورکییەیە یا کوردی عێراقە یا کوردی سوریایە پێکەوە باش تێنەکۆشن و بەیەکەوە خەریکن. لەم لاکان تریشەوە هەر لەناو خۆیانا بەو جۆرە دەس بدەنە دەس یەکەوە و تێبکۆشن، تا رادەیەک کوردستانی ئێرانیش جێگای هیوای پەیدا کردووە و جووڵاونەتەوە و لە داهاتوودا زۆرتر پەرە ئەسێنێ و هیوادارم زۆرتر پەرە بسێنێ و دەس بدەنە دەس یەکەوە و بتوانن ئەو جۆرە وا بشێ خزمەت بکەن.

** لەمەر مێژووی تازەی کوردەوە زۆر شت نووسراوە و یەکێک لەوانەی کە رۆڵێکی مەزنی بینیوە مامۆستا کەمال مەزهەر ئەحمەدە و پێشتریش مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی، بەڵام لەسەر مێژووی کۆنی کورد تا رادەیەک لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کەم کراوە و لە سەردەمی «ماد»ەکانەوە تا دەگاتە پێش شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی شتێکی ئەوتۆ روون نییە لە مەسەلەی مێژووی کورددا، ئایا ئێوە لەو بارەوە شتێکتان کردووە یا خەڵکێک دەناسن کە لەسەر مێژووی کۆنی کورد کارێکی کردبێ؟*

– لە راستیدا لە بان مێژووی کۆنەوە تێکۆشان کەم بووە. هەڵبەت من لەسەرەتای ئەو مێژووی کورد و کوردستانەوە برێ لێکۆڵینەوەم بووە و تۆزێک بەربلاو بە تێکڕا نووسیومە. بارەکوو ئامانج و مەبەستی من بۆ نووسینی ئەو مێژووە هەر ئەوە بوو کە بتوانم جۆرێ داینێم لە داهاتوودا ئەگەرەکوو زمان و مێژووی کوردی لە زانسگەدا گوترایەوە و بخوێنرێتەوە، بتوانین بیکەینە چوار بەشەوە بۆ دەورەی خولی چوارساڵەی زانسگە کە هەر بەشێکی لە ساڵێکی خوێندندا ئوستاد بتوانێ بیڵێتەوە و خوێنکار بتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ. لەو بارەوە هەر لە ۵۰۰۰ ساڵ بەر لە پەیابوونی مەسیحەوە، بەڵام تا رادەیەک کورت، نووسیومە، بە بەڵگەوە، شوێنەوارەکانم ناو بردووە و ئەمانەی واتیا. بەڵام باش ناتوانم بڵێم کە ئەوە هەموو کەس رازی ئەکات. وا لە رادەی قەناعەتا، نییە لە رەزایەتا، بەڵکوو هیوادارم لە داهاتوودا خەڵکی تر بکەونە شوێن لێکۆڵینەوەی زۆرتر و بتوانن باشتر روونی بکەنەوە.

پاشان داوامان لە مامۆستا بابان کرد کە بە دەنگە بەجۆش و پڕ سۆزەکەی خۆی کە سەردەمێکی زۆر گوێی گوێگرانی رادیۆی کرماشانی پێ راهاتبوو و ئاشنای بوون، پارچە شیعرێکی خۆیمان بۆ بخوێنێتەوە و ئەویش دڵی نەشکانین و ئەمەی خوارەوەی بۆ خوێندینەوە.

– ئەمە پارچە هەڵبەستێکە لە ساڵی ۱۳٦۰دا بەبۆنەی کاروباری نالەباری سنەوە دامناوە بەناوی «سکاڵا بۆ ئاوییەر». ئاوییەر کەژێکە لەلاژووری سنەوە، لە رابوردوودا سەیرانگاگەلی باشی هەبوو، کە بەداخەوە زۆرتری سەیرانگاکانی لەناوچووە و وێران بووە.

ئاوییەر فدای لوتکەی بەرزت بم
فدای لاوەلاو هەزار تەرزت بم
قوربان لاپەڕەی کوچک قورئانت
فدای شارەکەی خواری باخانت
کوا سەفا و سەوزی جاری جارانت
کوا نەسیمی خۆش شوێنی بارانت
کوا پونگەی بەفراو دۆڵ و لاپاڵت
کوا بەفری زۆری ناو بەفرەچاڵت
بۆ بێ ئاو ماون هەموو چاوگەکان
پەکیان کەوتووە پاک ئاسیاوەکان
سەرا و ماماتگە و ئاوکانی شەفا
چی لێ هاتووە دەورکانی سەفا
بۆچی وا لێڵن لێلاوی چاوم
یاخوا نەمێنێ لە ناوا ناوم
بۆچی چۆڵ بووە سەحرای زەفەریە
کوا باخی جوانی نزیک قەمەریە
کوا میوانەکان سەحراکەری ئەو
کوا ورشە وریش چراکانی شەو
کوا سەیرانکەری خزر زندەکەت
کوا دەوڵ و زوڕنا و زرمە زرمەکەت
کانی ئارایش بۆچی وا چۆڵە
خدرلیاس ئەڵێی قەیسی کڵۆڵە
بۆچ وا وێران بوو موبارەک ئاوا
بۆچی رووخاوە قەسری خەسراوا
کوا چوارباخەکەی دەور و ناوی ئەو
کوا چەمەن خوارووی پڕ لە ئاوی ئەو
ئامانیە بۆچ بوو بە جێگای نەخۆش
ئەمیریە بووە جێگای بایەقووش
بۆچ بان شێلانە وەها بێ حاڵە
تاقە دار تەنیا کەوتووەتە ناڵە
سەرتەخت وێرانە و بێ گوڵ یاخییە
ساقاوا ئەڵێی لەگەڵ یاخییە
تەکیە و چەمەنت دابەشکراوە
ئەویش لەلایەن خەڵکە و براوە
هەرچەن ئەمەیە کاری باخانت
سەرەنجی بدە شاری دامانت
شاری چی بووە شاری خامۆشان
هەموو خەڵکی شار قەلاخی پۆشان
هەموو ئازیەت بار خزم و کەس و کار
هەموو نارازی هەموویان خەمبار
کەس نابینێ پێکەنێ بەدڵ
ئەڵێی شادیی گەڵ پاک چووەتە کوڵ
سێ ساڵ تەواوە خۆشی نەماوە
هەر کوشت و قەزا و سەرخۆشی باوە
لە جێژنا نییە موبارەک بادی
کەس لە کەس ناکا گەردن ئازادی
ژیان بۆ هەموو تەواوی تاڵە
تەنانەت راوچیش راوی بەتاڵە
ئەوەن زۆر بووە بێکار لەناو شار
قەت رێگا نییە لەبۆ رێبوار
نە پێخور هەیە نە نان و نەئاو
نازانم بۆچی خەڵکی کەوتە داو
چی بکەم ناکرێ دەردەکان بێژم
داخی دەروونم هەمووی هەڵڕێژم
چوون دەور و بەرم چەن کەسێ جاشە
دەمم بیەستم لە وتن باشە
نەک هەواڵ بدەن بەدەسدارەکان
بڵێن سکاڵای کردوە بابان
ئەنجا کەر بێرە و ترێێ بارکە
خۆت بخە حەچەل و چاری ناچارکە

*ئەمەش وەڵامی ئاوییەرە کە وەڵامی داوەتەوە*

شوکراللەی بابان رۆڵەی شیرینم
یاخوا تا سەد ساڵ مەرگت نەبینم
بیستم سکاڵات کردووە بۆ ئاویەر
ئاویەر چی بڵێ هەی خاکی بەسەر
ئاویەر ئاویەری جاران نەماوە
هەموسەیرانگەی بوو بە کەلاوە
لوتکە بەرزەکەم بەهێز خومبارە
وەک جەرگ رۆڵەیخا کراوە پارە
لاپەڕەی بەردی کوچک قورئانم
سەد پەڕەی سووتا لاڵ بێ زوانم
سەرا و ماماتگە و ئاوکانی شەفا
ئامانیە و سەرتەخت هەم کانی سەفا
وشکاویان هاتوو داریان بڕیا
بەرگی شەخسەکان خدرزنە دڕیا
نەما سەیرانگەی زەفەریە و سەرتەخت
ئەمیریە وەکوو شامی نوگون بەخت
دۆڵ ئاسیاوەکان هەروەکوو بەهەشت
قەسری خەسراوا باخی لەناودەشت
هەموو کاول بوون پاک بوون وێران
داڵدەییکیش نەما بۆ کانی باران
باسی شارت کرد شارێک ئەبیسی
ئەو لە من پیستر کەوتۆتە پیسی
ئەزانم حاڵی سنە بەدحاڵە
ئەزانم خەڵکی کەوتوونە ناڵە
منیش وەکوو تۆ زۆر خەفەت بارم
چی بۆ باخەکان یا دەشت و شارم
بەڵام چی بڵێم چیم لەدەس نایە
هەزار جار بووە لەم کاو و بایە
.... بەنیادەم هیچە
نارەحەت مەبە ئەڕوا ئەمیچە

www.arsivakurd.org

نووسراوەکەیشیم هێشتا نەدیوە. بەڵام وەها شتێک راستییەکە بەیانی کردووە. تەنیا شتێک هەبێ بەداخەوە ئێمە مەرکەزی قودرەتی تەبلیغی بەدەستمانەوە نییە. بۆ نموونە ئێستا لە جێگایەکی وەکوو تارانا هەر ساڵ بەناویساڵگەردی کۆچی دوایی نیما ئاهەنگێک دائەنێن، رادیۆ باسی ئەکا، تەلەفزیۆن باسی ئەکا، رۆژنامچەکان باسی ئەکەن. هەر ئەمە بۆخۆی برێ گەورەی ئەکاتەوە. لەم لاوە ئێمە نەبنکەی رادیۆیەکی سەربەخۆمان هەیە بەدەستمانەوە بێ، یا رادیۆ و تەلەفزیۆن، یا رۆژنامچە یا گۆڤارەکان، کە ئەوی وا پێویستە لە بارەی گۆرانەوە بوترێ. ئەوەی ئەو نووسەرە گوتوویە، راستی ئەوەیە. زۆر فاسیلە هەیە لەبەینی مامۆستا گۆران و نیمادا، ئوسولەن قیاسی نیما لەگەڵ مامۆستا گۆرانا بەپێی بیرورای من قیاسی خاکە لەگەڵ عالەمی پاکا. گۆران زۆر بەرزە، لەوە بەرزترە، لەوە بەدەسەلاتترە. ئەمن هەم لەبارەی مامۆستا گۆرانەوە، هەم لەبارەی نیماوە، زۆر لێکۆڵیومەتەوە و بۆم روون بووەتەوە کە بەراستی مامۆستا گۆران زۆر بەرزە. ئەو نووسەرە هەرچییەکی نووسیبێ راستییە.

** ئەمرۆ زمانی کوردی بە سێ تیپی جیاواز دەنووسرێت، لە کوردستانی ئێران و عێراق بە تیپی فارسی یان عەرەبی، لە کوردستانی تورکیا و سووریا تیپی لاتینی بەکا دەهێنن و لە سۆڤیەتیش تیپی کریلیک، بێگومان ئەمە گیروگرفتێکی گەورەی بۆ تێکەڵاوبوون و درووست بوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی درووست کردووە. کوردێکی کوردستانی تورکیا ئەدەبێک کە لە کوردستانی ئێران یا عێراق دەنووسرێت ئەو ناتوانێ بیخوێنێتەوە، کوردێکی کوردستانی ئێران یا عێراق ئەدەبێک کە لە کوردستانی سوریا یا تورکیا یا سۆڤیەت دەنووسرێت ئەو ناتوانێ بیخوێنێتەوە، یانی ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە کە کوردی هەموو لایەک و هەموو دیالێکتێ بتوانێ پێی بخوێنێتەوە و لێی تێ بگا و پێی بنووسێ ئێمە نیمانە. ئێوە ئەم مەسەلەیە چۆن دەبینن و باشترین رێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە چییە و ئەو زمانە یەکگرتووە چۆن درووست دەبێ؟*

– ئەمە بۆخۆی موشکیلەیە و چارەسەریشی زۆر موشکیلەیە. چونکو کوردستانی تورکیا بەو چەشنە راهاتوون، ئەڵبەت بەلاتینی نووسین زۆر باشە بۆ تێگەیشتنی تێکڕایی، بەڵام کوردی کوردستانی ئێران و عێراق بەم زوانە ناتوانێ بە لاتینی رابێت و بنووسێت و بخوێنێ. هەروەها کوردستانی شۆرەوی یا دانیشگاکان و تەعیینی تەکلیف بۆ نموونە بۆ دانیشگای لینینگراد یا دانیشگای مۆسکۆ یا ماساچۆسیت یا هاڤارد لە ئامریکا یا ئەو زانستگەکانی تر، ئێمە ناتوانین بیکەین. بەڵام ئێستاکە بۆ کوردستانی ئێران و عێراق باوەکوو هەر لەم چەشنە نووسینی زمانی سۆرانی کە بووەتە زمانی رەسمی بۆمان، هێشتا بۆ دانانی دیاردەکانی سەر وشە ئیختلافمان هەیە. برێ کەس بۆ (ڕ)ی گەورە حەوتەکەی لە سەرۆ دادەنێ و برێ لە ژێرۆ. برێ بۆ (وو)ی تەنگ یا (و)ی مەطووم تیرە لە بانەوە دائەنێ، برێ تیرە دانانێ و دوو (و) ئەنووسێ. ئەمانەش بۆخۆی بۆتە موشکیلەیەک تەنانەت لە بەینی خۆمانا. ئێستاکە هەر ئەم زمانی سۆرانییە و هەر بەو چەشنە نووسینە وا کۆڕی زانیاری کورد لە بەغا دایناوە بەپێی بیرورای من باشترین چەشنە لە کوردستانی ئێران و عێراقا پەرە بگرێ و بەڵکو کەم کەم بتوانێت بڕواتە ناو زانستگەکانەوە، وەکوو سۆربۆن لە پاریس یا جێگاکانی تر. یا وەکوو ئەوەش بۆخۆی موشکیلەیەک ئیجاد دەکا کە ئێمە نەتوانین لەو کتێب و شوێنەوارانە وا لە تورکییە هەیە کەڵک وەربگرین یا لە مۆسکۆ و جێگاکانی تر هەیە کەڵک وەربگرین و هەروەها ئەوانیش بۆ ئێمە.

کەوابوو هیوادارم لە داهاتوودا ئەگەر زانسگەیەک هەبێ تەدریسی زمانی کوردی بێ بەتێکڕا وەکوو زمانێکی خاریجە لە حەفتەدا دوو سەعات یا سێ سەعات تەدریسی زمانی کوردی بەشێوەزمانی لاتینی بکرێ وەکوو ئەوەی کە خوێندکارێک کە زانستگەی کوردی ئەخوێنێ چەشن و چۆنییەتی خوێندنەوە و نووسینی کوردی بە لاتینی بزانێ، کە لە داهاتوودا کەم کەم ئەو موشکیلەیە مورتەفیع ببێ بۆ بەرەی داهاتوو.

** وەکوو ئاگادارن، ئەم زرووف و بارەی کە ئێستا کورد و رۆشنبیران و نووسەرانی کوردی تیا ئەژی و بڵاوبوونەوەیان بە هەموو دنیادا، خەڵکێکی زۆر لەو نووسەرانە و لەو رۆشنبیرانە روویان کردۆتە ئەدەب و نووسین و وەرگێران و دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار و کتێب چ لە کوردستاندا لە ناو شۆڕشدا یا لە شارەکاندا یا لە دەرەوەی وڵات، لە وڵاتەکانی ئەورووپای دوور و نزیک. ئەوەندەی ئێوە شتتان بەرچاو کەوتبێ یا بیستبێ یا خوێندبێتتانەوە چۆن ئەم زرووف و پاشە رۆژی ئەم جووڵانەوە رۆشنبیرییە هەڵدەسەنگێنن؟*

– ئەڵبەت ئەمە جێگای هیوای زۆرێکە بۆ داهاتوو و یەکێ لە رێگا باشەکانە بۆ ئەوەی کە کوردستان بە ئامانجی خۆی بگەیەنێ و سەرەتا هەر ئەبێ لەم رێگاوە بێ. وەکوو (رێنیسانس) کە بە شوێن خولی رەشی مێژووا لە ئورووپا پەیدا بوو. لە پێشا رێنیسانس ئەدەبی بوو و بە شوێنیا کرا بە سەنعەتی و شتانێکی تر. ئەمەش یەکەم رێگایە بۆ سەرکەوت و پێش‌رەوت، بۆ یەکگرتن و رزگاری. هیوادارم هەموو ئەوانەی کە لەم رێگادا تێ ئەکۆشن سەرکەوتوو بن و ئەمە ببێتە رچە بۆ لاوەکانمان و بۆ رۆشنبیرەکانمان و بۆ بەرەی داهاتوومان. ئەگەر وەکوو ئێمەش نەبووین کوڕەکانمان، بەرەکانی لەم رچە کە ئەوان شکاندوویانە پیا برۆن و سەرکەوتوو بن و بتوانن بەو ئامانجە وا ئێمە گرتوومانەتە پێش چاو بۆیان یا ئاواتەخوازین بۆی پێبگەن.

** ئەگەر بێت و تەماشای جموجوڵی ئەدەبی و رۆشنبیری بکەین لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بە جیاواز و لە دەرەوەی کوردستانیش، ئەڵبەتە ئەمرۆ ئەدەبی دەرەوەش پەیدا بووە وەکوو چۆن عەرەبەکان ئەدەبی (مەهجەر)یان هەبوو، ئێمەش ئەوە ئێستا تا رادەیەک وای لێ هاتووە. ئێوە ئەو جموجووڵە ئەدەبی و رۆشنبیرییە چۆن دەبین و لە کوردستانی ئێراندا چی کردووە و تا چ رادەیەک چووە و هەروەها لە شوێنەکانی تری کوردستاندا و لە دەرەوەش؟*

– هەڵبەت وەکوو پێشان گوتم، بۆ کوردستانی عێراق زۆر باشتر بووە و هەل و مەرج لەبارتر بووە و ئەوان تێکۆشانیان زۆرتر بووە. لە کوردستانی ئێرانیشدا تا رادەیەک لەمەوپێش لە سابلاخ و جێگاکانی ترا تێکۆشان هەبووە و هەیە. ئەمەش چەن ساڵێکە لە سنە و دەوروبەری سنەش جوڵاونەتەوە، ئەم بزووتنەوەش کە بۆتە هەموو لایی ئەگەرەکوو دەس بداتە دەس یەکەوە، هەروەها لە دەرەوە بیستوومانە کە گەنجەکان و جەوانەکانمان بێ ئەوەی گوێ لەوە بدەن

*لەگەڵدا کردوون یا یادگارییەکتان لەگەڵیاندا هەیە. لەو ناوانەی کەوا دیار بوون لە بواری هونەر و ئەدەبدا، سوارەی ئیلخانیزادە، کە ماوەیەکی زۆر لە رادیۆ کاری کردووە، رەنگە ئێوە لە نزیکەوە ناسیبێتتان یا یادگارییەکی تایبەتیتان لە بارەیەوە هەبێت. پێمان خۆشە ئەگەر بۆمان باس بکەیت؟*

– لە راستیدا من لەگەڵ مامۆستا سوارەدا زۆر نزیک بووم. ئەویش سەبارەت بە من زۆر رووخۆش و بەخشندە بوو. لە راستیدا سوارە یەکێک بوو لە ئەستێرە بەرزەکانی ئاسمانی وێژەی کورد کە بەداخەوە زوو بەدەست چوو و بەو جۆرەی وا بشێ نەکرا کە لەو هەمو زانست و کوردی زانی و هۆنراوە و نووسراوەی ئەو کەڵک وەربگرین. ئەڵبەت بۆ کۆچی دوایی سوارە ئەمن بۆخۆم پارچە هەڵبەستێکم دانا بەناوی «سوارە رۆ»، کاتێک کە رۆییم بۆ بۆکان بۆ پرسەکەی، هەر ئەو شەوە لە بەیانی کە ئەمەویست بڕۆم دانیشتم ئەو سوارە رۆمە بۆی وت. بەشوێنیا رۆیمە ئەوێنە و لەسەر گڵکۆکەی ئەوەم خوێندەوە و شەو لە ماڵی قاسماغای مامی مامەوە. ئەڵبەت کەسانی ترمان بووە کە لە رێگای وێژەو وێژەوانی و ئەدەب و نووسینی کوردیا لە رادیۆ و تەلەفزیۆن زەحمەتیان کێشاوە، بەڵام سوارە وەکوو فارسان دەڵێن «تافتەیەکی جودا بافتە بووە» بەلای منەوە زۆر بەرێزە، بەڕێز بوو و بەجۆرێ کە هەمیشە گوتوومە بێجگە لە خەوە بەردینە و باقی هۆنراوەکانی تری هەر لە هۆنراوەکەی هەڵۆیا ئەو تاقە شیعرەکەی دوایی بەسەد دیوان لە دیوانانی شاعیران دەژی.

*بۆ هەڵۆی بەرزەفری بەرزە مژی*
*چۆن بژی شەرتە نەوەک چەندە بژی*

یادگاری باشیشی بەلامەوە هەیە. چەند رۆژێ بەرلەوەی کۆچی دوایی بکا. من پەیامم نارد بۆلای مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی کە بیستوومە سوارە هەڵۆی بە فارسیش گوتووە، هەڵۆی فارسیم بۆ بنووسێ و بۆم بنێرێ، مامۆستا رۆژبەیانی ئەڕوا بۆ هەواڵی لە نەخۆشخانە و پێی ئەڵێ. سوارەش نامەیەکی بۆ نووسیم لە سەرەتاوە سڵاو و هەواڵ پرسی و گوتوویە داوای هەڵۆی فارسیت لێکردووم، کاک بابان چۆن ئەکرێ هەڵۆی فارسی؟ یانی چۆن لەناو فارسدا هەڵۆ هەڵئەکەوێ. من هەڵۆم بە فارسی نییە، ئەوەش کوردییەکەی بەسەرچاو، ئەڵبەت بەرلە نیوەڕۆ دەسی پێکردووە و نووسیویەتەوە و بڕێکی نووسیوە و گەیشتووەتە نیوە، داینابوو کە دوای نیوەڕۆ پاشماوەکەی بنووسێ، دوای نیوەڕۆ فەوتی کردووە. کە ئەو نیوەیانە بۆ هێناوم منیش بەناو بیرهوەرییەکی زۆر باییدار دامناوە.

** لەبارەی رۆژنامەی کوردستانەوە کە سەردەمێک لێرە دەرچووە و ئێوەش کارتان تێدا کردووە، حەز دەکەم تۆزێک بە درێژتر باسی بکەیت. کەی و تاکەی دەرچووە و چ جۆرە رۆژنامەیەک بووە و کێ کاری تێدا کردووە؟*

– ئەو رۆژنامەیە لە ساڵی ١٣٣٨وە تا ساڵی ١٣٤٢ دەرئەچوو یانی ماوەی چوار ساڵ، مامۆستا سدیق مفتی زادە کە ئەویش یەکێک لە دانایانی پایە بەرزمان بووە و بەداخەوە ئەویش لەدەس دەرچوو و کۆچی دوایی کردووە. دوکتۆر عەبدولرەحمانی سیراجولدینی شێخ عابید و ئەڵبەت بەسەرۆکایەتی مامۆستای پایەبەرز بەدیعولزەمانی کە یەکێک لە زانایانی زۆر پایەبەرز و بەناوبانگی رۆژهەڵات بوو نەتەنێ بڵێم ئێران و کوردستان، ماوەی چوار ساڵ ئەو رۆژنامەمانە بەزمانی کوردی، لاپەرەیەکی بە کوردی شیمال کە ئاغای خوسرەوی شێخ کانلۆ لەوێ ئیشی دەکرد ... لە تاران دەرئەچوو و دەرمان ئەکرد و پێکەوە کارمان تێدا دەکرد. پاشان لە باری ئابوورییەوە (مادییەوە) کە بڵێین (ئەنگووژەنی)وە بۆمان هەڵئەسوڕا و هەروەها بەهۆی چۆنیەتی کاروباری ئێرانەوە زۆرتری ئەدەبی بوو ئەڵبەت مەبەستی سیاسیشی تێدا بوو. ئەمن بۆخۆم لەوێ پەیوەندی کورد و ناسیونالیزمی ئێرانم ئەنووسی. نزیکەی ماوەی سێ ساڵ سێ ساڵو نیو ئەو مەبەستانەم لەم بارەوە نووسیوە.

** بێگومان ماوەیەکی زۆر کە ئێوە لەگەڵ ئەدەبی کوردیدا خەریکن و شارەزاییەکی باشیشتان لە شیعری کوردیدا هەیە. ئەگەر گۆران بە نوێکەرەوەی شیعری کوردی دابنرێ کە هەرواشە، ئێوە شیعری کوردی پێش گۆران و پاش گۆران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ و شیعری کوردی ئەمڕۆ چۆن دەبینن؟*

– گۆران، مەقتەعە، مەقتەع ... بێگومان هەموو شتێک وا لە حاڵی تەحەرۆک و پێش رەوتا. ئەڵبەتە بۆ شیعر و وێژەش هەروایە. مامۆستا گۆران جگەلەوەی یەکێک لە بناغەدانەرانی شیعری نوێ بووە و باشیشی داناوە نەک وەکو «نیمایۆشیجی» فارس کە گۆنی گۆنی شیعری تازەی داناوە و لەهەر گۆنییەکی لاپەرەیەکی بەدەرد ئەخوا. لەراستیدا مامۆستا گۆران یەکێ لە هونەرە پایە بەرزە زۆر بەڕێزەکانی ئێمەیە و ناتوانین تەنانەت بەناوی مەقتەع داینێین. ئەبێ بڵێین سەرەتا، بناغەدانەر، پەرەپێدەر و خالیقی شیعری نوێ. ئەڵبەت ئێستاش زۆر لە هونەرەکانمان کەوتوونەتە شوێنی و سەر ئەو سەبک و رەوێشە.

باوەکوو تا ئێستا کەس وەکوو ئەوی نەگەیاندووە بەڵام لە داهاتوودا ئیحتمالی هەیە هونەرانی باشمان تێدا پەیدا ببێت لەبارەی شیعری نوێوە، ئەمەش نابێتە ئەوەی هەروا کە ئەڵێین (ئیثباتی شەیێ نفی ماعدا ناکا). ئەوانی ترمان ئەوە نییە تەقتیعە بکەین ، بڵێین لە ناوی هونەرانی رابووردووشا هونەرانی پایەبەرزی باشی زۆرمان هەیە، چی ئەوانەی لە باری نەتەوایەتییەوە شیعریان گوتووە یا غەرامیات یا (إظهار فضل) هۆنراوەکانی تر. ئەڵبەت لەسەردەمێکا زۆرتر هەم بۆ نیشاندان یا ئیزهاری فەضل یا هەرچی‌یە بووە وشە و کەلیماتی عەرەبی زۆریان بەکار بردووە، کە ئەوەش یەکێکی مەلایەتی ئەم بەلایەی هێناوەتە سەر زمانەکەمان کە عەرەب زەدەبوون، یەکێکی تریش نیشاندانی زانستی خۆیان بووە بەناوی (إظهار فضل) کردویانە کە ئەوەش جێگەی گلەیی نییە. سەرەڕای ئەوەش هۆنراوەی باشمان هەیە، هونەرانی باشمان هەبووە، هەرکامێکیان ناو ببەین بۆخۆیان پلەو پایەیەکی بەرزیان هەیە.

** وەکوو لەم رۆژانەدا بیستمان، لە سنە نووسەرێک کتێبێکی نووسیوە، کە بەراوردێکە لە نێوان نیمایۆشیجی فارسی و گۆرانی کورددا لە تازەکردنەوەی شیعردا. گوایە ئەو نووسەرە گۆرانی لە رووی دەسەڵات و لە رووی تازەکردنەوەوە تواناتر و بەدەسەڵاتر و سەرکەوتووتر زانیوە لە مەیدانی تازەکردنەوەی شیعردا. جا نازانین ئەو نووسەرە کێیە؟ کوردە یان نە؟ ئەگەر لەو رووەوە باسێکمان بۆ بکەی.*

– بەداخەوە نازانم و من نووسەرەکە ناناسم.

www.arsivakurdi.org



# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مامۆستا «شوکروڵڵای بابان» دا

ئامادەکردنی
ئەمجەد شاکەلی و مارف عومەر گوڵ

هاوینی ١٩٨٧ لە کوردستان و لە شارە خنجیلانەکەی سنە بەهەلم زانی کە دیدەنییەکی مامۆستای بەڕێز و هێژا شوکروڵڵای بابان بکەم.
وا ڕێککەوت کە کاک مارف عومەرگوڵیش ببێتە هاوەڵی دیدەنییەکەم و پێکەوە چووینە ماڵی مامۆستا و لە ڕۆژی ١٩٨٧/٨/٢دا ئەم چاوپێکەوتنەی خوارەوەمان لەگەڵدا کرد. دەمەتەقێکە لەسەر کاسێت تۆمارکرابوو و ئەمن بۆخۆم هێنامەوە سەرکاغەز و دەقەکەشی دەسکاری نەکراوە، تەنیٚ ئەوە نەبیٚ کە هێندیٚ وشە کە کوردی نەبوون، لێرەدا کردوومنەتە کوردی و زۆریشی هەروەکو خۆی ماوەتەوە لەبەرهێشتنەوەی تام و چێژی ڕستەکان.

ئەمجەد شاکەلی

** سەرەتا ... ئەگەر باسێکی ژیانی خۆتمان بۆ بکەی .. لە منداڵییەوە تاوەکو ئەمڕۆ؟*
– من ... هەر لە سنە لەدایک بووم. خولی منداڵی و جەوانیم لێرە گوزەراندووە تا دیپلۆمم وەرگرتووە. بەشوێنیا بو خوێندنی دەورەی بەرز ڕۆیشتوومەتە تاران، لەویٚ لیسانسم وەرگرتووە لە ڕشتەی ئیلاهیات ... ڕەواننناسی و داوەری یا (قەزا، قەزاوەت). ماوەیەک لە وەزارەتی نێوخۆدا بۆ شارەوانی دامەزراوم و بووم بە کاربەدەس لەویٚ. لەوێوە لە ساڵی ١٣٣٧وە هاتمە ڕادیۆ، کە لە ساڵی ١٣٥١دا لەگەڵ تەلەفزیۆندا ئیدغام بوون، بووین بە لێپرسراوی بەرنامەکانی کوردی ئێران.
هەڵبەت بە شوێنیا، لە کرماشان، لە سنە، لە ڕەزائییە بەناوی بەڕێوەبەری گشتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەم سیٚ ئوستانە ئیشم کردووە. بەداخەوە ئەو جۆرە وابشیٚ، خۆم ڕازی نیم لە خزمەتکردن بەگەل و بەرەکەماندا با وەکوو ماوەی ٣٠-٣٥ ساڵ بەراستی خۆم تەرخان کردووە بۆ وێژە و مێژوو و زمان و ئەدەبیاتی کورد.

** ئەو کتێبانەی کە تا ئێستا وەبەرهەمت هێناون و چاپت کردوون یان بەدەستتەوەن بۆ چاپ، چین؟ و چ کاریکی ئەدەبیت زیاد کردووە، یانی لە چ کاریکی ئەدەبیدا زێتر کارتکردووە؟*
– لە ساڵی ١٣٣٧ی ئێرانیدا .. یەکێک لە تێزەکانی دەورەی لیسانسم بەناوی سەلاحوددینی ئەیووبی قارەمانی نەمری کورد بە چەشنی کتێبێک لە چاپدرا و بڵاوبووەوە. بەشوێنیا لە ساڵی ١٣٥٨دا نامیلکەیەک یا کتێبچەیەکی بچوکم بە ناوی کورد و کوردستانەوە نووسی، کە هەر لە سەرەتاوە بەکورتی باسی هاتنی کورد و دامەزرانیان و بڕیٚ لە هەستانەوەکان و ئەمانەی تێدا بوو، ئەڵبەت ئێستا ئەو دوو کتێبە نایاب بووە. لە ساڵی ١٣٦١دا فەرهەنگێکی فارسی–کوردیم نووسی و ئەویش چاپکرا، بە شوێنیا مێژوویەکی تێکڕای کورد و کوردستانم نووسیوە هەر لە ٥٠٠ ساڵ بەر لە پەیابوونی مەسیحەوە تا دوای زنجیرەی پەهلەوی و سەرەتای شۆڕشی ئێران، ئەوە هێشتا چاپ نەبووە، بەشوێنیا گوڵزاری کوردستانم نووسیوە، کە بڕیٚ لە هۆنەرانی کۆن و ئێستا و بڕیٚ لە هۆنراوەکانی خۆمی تێدایە.
ئێستەش فەرهەنگێکی کوردی–فارسیم بەدەستەوەیە کە بۆ بەرگی یەکەمی گەیشتوومەتە نیوە، (ب)ی دوایی هاتووە. زووتر بڕیٚ ل نووسراوەکانم لەبارەی کورد و کوردستانەوە بووە، پەیوەندیەکانی کورد لەگەڵ ئێران و وڵاتانی تردا، تێکۆشینەکانی کورد لە سەرانسەری ژیان و بەر لە مێژوودا. بڕێک شانۆگەری و چیرۆکی شانۆگەری و تابلوومۆزیکال و ئەمانەشم نووسیوە، بەڵام بەداخەوە ئێستا هەل لەبار نییە و هەمووی هەروا دانراوە و لەچاپ نەدراوە، بێجگە لەو دوو سیٚ کتێبە نەبێت.

** بێگومان ماوەیەکی زۆر لە ڕادیۆی کوردیدا کارتان کردووە، کاری ڕادیۆ یان ڕۆڵی ڕادیۆ و تەئسیری ڕادیۆ لەسەر کورد و لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی کوردیدا و گەشەپێدانی ئەدەبی کوردی و چوونە ناوخەڵک و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ خەڵکدا، چۆن دەبینن و ڕاتان سەبارەت بەوە چییە؟*
– ئەڵبەتە ڕاگەیاندن بەهەر چەشنێک بێت زۆر شوێنی هەیە و شوێن ئەکا. ڕادیۆ یەکێکە لەو هۆکارانەی کە لە هەموو هۆکارەکانی تر زۆر شوێن ئەکا لەناو خەڵکا.
لەماوەی ئەو ٣٠ ساڵەی کە من لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بووم بۆ ئەم مەنهەج و مەبەستە تێکۆشاوم و زۆر باش بووە و لام وایە زۆرتر ڕووکردنی خەڵک بۆ ناسینی خۆیان... بۆ ناسینی زمانیان و ڕەگەزیان، ڕادیۆ زۆر شوێنی کردووە و ئەوانیش باشی تێگەیشتوون.
زۆرتری ئەم ئاگادارییانە بەهۆی نووسینی کتێب و دیوانی هۆنەرەکان بووە و بەشوێنیا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن. ئەڵبەت گۆڤار، ڕۆژنامچە ئەمانەش زۆر کاریگەر بوون و شوێنیان کردووە. ئێمە چەند کەسێک چوارساڵ لە تاران ڕۆژنامەی کوردستانمان دەرئەکرد ... باش بوو .. ئەویش خزمەتێکی باشی بە گەلەکەمان کرد، بەڵام بەداخەوە ئەو ئازادی و کراوەییەی وا لەولا هەبوو لێرە نەبوو و ئەو خزمەتەی کە لە کوردستانی عێراقدا بە زمان و ئەدەب و وێژە و وێژەوانیی کوردستان کراوە زۆر بەرزتر و بەربڵاوتر و باشتربووە. هیوادارم هەل و مەرج وا لەبار بیٚ کە بۆ لەمەودواش هەموو کەسەکانمان .. هەموو ئەوانەی وا ئەتوانن لە ڕێگای گەل و بەرەکانمانا هەنگاو هەڵگرن .. تێکۆشن و سەرکەوتوو بن.

** ئێوە کە ماوەی ٣٠ ساڵێک لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا کارتان کردووە، دیارە لە نزیکەوە کەسانێکی زۆر لە هونەرمەندان و نووسەران و شاعیرانی کورد ئەناسن یان کارتان*

www.arsivakurd.org

ڕێکخراوی خۆیبون بە ناوی کوردستانەوە نامەیەکیان بۆ ئەنجومەنی گەلان نارد و لە هەموو زۆرداریەکی لە کورد دەکرێت ئاگاداریان کرد، داوای مافی چارەنووسی کوردیان کرد، هەر وەکوو هەموو گەلانی تر، بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی گەلانیش هەر بەدەست بەریتانیا و فەرەنساوە بوو، تەنانەت وەلاّمی نامەکەشیان نەدایەوە، چ لەوەی کە لە سەر گینوسیدی دژ بەکورد دەنگ بەرزبکەنەوە و بەپێچەوانەوە هەر لەو سالانەدا داگیرکەرانی کوردستان پارە و چەکێکی زۆریان لە ئیمپریالیزمەوە وەرگرت لە سالّی ١٩٣٦دا دەرسیم شایی خوێناوی کوردستانی دەگێرا، و دژ بە داگیرکەری تۆرانی راپەڕی – تورانیزم بڕیاری «رەسمی» دابوو کە ئیتر نە کورد هەیە و نە کوردستان، بەراست و چەپ دا پروپاگەندەی بۆ دەکرد، لە شکر و پۆلیس بۆ راگواستن دایان بەسەر شاری دەرسیم دا – دەرسیمیەکان داوای تورانیەکانیان رەت کردەوە، کەمال ئەتاتورک و عیسمەت ئینەنۆی وەزیری ناوخۆ خۆیان سەرپەرشتی لەناوبردن و لێدانی هەموو راپەڕینەکانی کوردی ئەو سالانەیان دەکرد و تەنها چارەسەریان بۆ مافی چارەنووسی نەتەوە و نیشتمانێکی داگیرکراوی وەکوو کوردستان، کوشتن و برین و وەلاّمی ئاگر و تۆپ باران بوو، لە هەمان کاتدا داوای ئازادی و دیموکراتیەتیان بۆ گەلانی جیهان دەکرد، لە کوردەکانی دەرسیم سی (٣٠) هەزار پێشمەرگەیان چوونە ریگەی لەشکری درندەی داگیرکەر و ماوەی دوو سالّ شێرانە ئەو لەشکرەیان پەرێشان کرد و بە هەزاران سەرباز و ئەفسەری تورکیان خست، پایەتەختی تورک لە ترسی راپەڕینی دەرسیم ترسی تێدا سواربوو، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە باوەڕیان بە درۆکانی خۆیان نەمابوو لە سەر کورد و کوردستان کە بتوانن هەروا بە ئاسانی کۆیلەی بکەن هەر لەبەر ئەوە بەپەلە نامەیەکیان بۆ سەید رەزای سەرکردەی راپەڕینی دەرسیم نارد کە دەخوازن گفتوگۆ بکەن لەگەڵیاندا، کوردی دلّپاک و بێچارەش یەکسەر ئاگری راگرت، سەید رەزا خۆی چوو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ تورکەکان، هەر لەوێدا تورانیە بێبەڵێنەکان لە جیاتی گفتوگۆ سەید رەزایان لەگەڵ وەفدەکە زنجیر و کەلەپچە کرد و بردیانن لە رۆژی ١٩٣٧/١١/١٨ دا لە ناوچەی راپەڕینەکە لە سێدارەیان دان، بۆ ئەوەی کورد چاوترسێن بکەن، بەلاّم نەیان زانی بەوە زیاتر نەوتیان کرد بە ئاگرەکەدا، سەید رەزا سەربەرزانە لەبەردەم سێدارەکەدا بە تورانیەکانی وت: «تەمەنم ٧٥ سالە. ئێستا لە سێدارە دەدرێم، گیانم دەچێتە پاڵ گیانی قوربانییەکانی خەبات لە پێناوی کوردستان دا. دەرسیم سەرنەکەوت، بەلاّم کورد و کوردستان هەر دەمێنن. لاوانی کورد تۆڵە دەکەنەوە. شەرمەزاری بۆ ستەمکاران».

لەشکری رەگەزپەرستی تورانی ئینجا دەستی کرد بە کورد کوشتن و راگواستن، بە هەزاران ژن و منداڵ و پیری ناوچەکەیان کوشت و بەو سەرمای زستانە بە هەزارانیشیان ئاوارە و دەربەدەر و برسی و سەر رووت و پێپەتی کرد و مەگەر هەر گۆرانیە فۆلکلۆرییەکانی ئەو سەردەمە ناسوری تراجیدیای دەرسیمی بە تەواوەتی بۆ تۆمار کردبێن ئەگینا هێشتا دەرسیم نەبۆتە ئامانجی لێکۆڵینەوەی تیوری و مێژوویی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد و هەر لەبەر ئەوە بۆ کرنووش بردن لەبەردەمی پایەی بەرزی شەهیدانی دەرسیم دا دەبێت بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی بە وتار و سیمینار و لێکۆڵینەوە سوود لە لایەنی گرنگی دەرسیم و پاڵەوانێتی و جوانمەردی دانیشتوانی بلاّوبکاتەوە، چونکە بەبێ مێژوو و زانین و لێکۆڵینەوە لە هەموو پەنا و پێچ و بەرزی و نزمیەکی و بەتایبەتی مێژووی کورد و شۆڕشەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد ناتوانێت پشت بە توانا نهێنیەکانی نەتەوەی کورد ببەستێت ... ئەو گەلەی کە لە ناخی هەموو نەفەرێکی دا رقی پیرۆز هەیە دژ بە داگیرکەران و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، بەلاّم پێویستی بە هاندان و بیرخستنەوە و گۆش کردنی مێژوویی هەیە، لە باری ئیمڕۆدا ڕێکخراوەکانی بزوتنەوەی کورد لە هەموو کەسێک پتر بەر پرسیارترن بۆ ئەو پێشڕەوی کردنە !.

**پەراوێزەکان:**

١– ئیمپریالیزم ترسی مێژوویی هەبو لە کورد ... بە باوەڕی ئەو بوونی دەوڵەتی کوردستان مەترسیەک دەبوو بۆ بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکەدا ... ئاوا و بەم جۆرە تۆڵەی خاچ هەڵگرەکانی لە کورد کردەوە.

٢– سالّی ١٩٣٧ پەیمانی «سەعد ئاباد» لە تاران لە نێوان ئێران و عیراق و تورکیا دا مۆرکرا ... پەیمانەکە بۆ پاراستنی ناوچەکەبوو لە راپەڕینی چەکدارانە و ... هتد ترسی ئیمپریالیزم پتر لە کورد بوو.

٣– تورکیا لە کاتی لێدانی راپەڕینی دەرسیم دا ١٩٣٧–١٩٣٨ لە بەریتانیاوە نۆزدە ملیۆن لیرەی ستەرلینی بۆ هات. (ئـ. میللەر، کورتەی مێژووی تورکیا).

٤– لە سالّی ١٩٣٨ دا کەمال ئەتاتورک مرد، بەوەش چاکترین خزمەتی بە مرۆڤایەتی کرد.

٥– خۆیبوون، ڕێکخراوێکی رامیاری کوردستانی بوو، لە ١٩٢٧–١٩٣٠ راپەڕینی چەکدارانەی ئارارات (ئاگری) هەڵکردبوو ... بە درێژایی سێ سالّ زیانێکی زۆریان لە دوژمن دا، ترسێکی زۆریان خستە دڵی ئیمپریالیزمەوە، هەرچەندە سەرنەکەوتن ...

**سەرچاوەکان:**


١– ئـ. میللەر – کورتەی مێژووی تورکیا، ١٩٤٨، چاپی رووسی.

٢– د. کینێن، کورد و کوردستان، ١٩٧٠، چاپی ئینگلیزی.

٣– م. حەسرەتیان، راپەڕینی دێرسیم، دەستنووسی کوردی – وەرگێر ج. حەیدەری.

٤– ج. صالح، تۆرانیزمی تورک لەنێوان رەچەڵەک و فاشیزم دا، ١٩٨٧، چاپی عەرەبی.

٥– ئـ. بێشکچی – نامەیەک بۆ بەرگری لە کورد. رۆژنامەی گەل سالانی ١٩٨٥–١٩٨٧، چاپی عەرەبی.



# بۆ یادی پەنجا ساڵەی راپەڕینی دەرسیم

جەمشید کوردۆ

ئایا تورکیای تۆرانیزم دەتوانێت هەتا سەر بەری خۆر بە بێژنگ بگرێت ؟

تۆرانیزم بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرست و رەگەزپەرستانەی تورکە شۆڤینی و بیرتەسکەکانە … ئەو تورکانەی کە بە درێژایی مێژووی کورت و گرانیان هەمیشە دەرد و چەوساندنەوەی بێوێنەیان بۆ هەموو نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێک لە خواروی ئەورووپاش - یۆنان و بولگاریا - دروست کردوە … خێڵەکانی تورک هەر لە سەرەتای سەدە ناوەنجیەکانەوە کە بۆ تاڵان و داگیرکردن لە رۆژهەڵاتی دوورەوە هاتبوون بۆ رۆژهەڵاتی ناوەند، کار و پیشەیان خوێن رشتن و داگیرکردن بووە، نموونەی هەرەبەرزی بیرکردنەوەیان بۆ مرۆڤ هۆلاکۆی خوێنڕێژ و شارستانییەت تێکدەربووە، هەر بۆیەکا لە ناخی هەموو یەکێک لەو داگیرکەرانەدا هەمیشە هۆلاکۆیەک بە شمشێرەکەیەوە خۆی مەلاس داوە!

پتر بە هۆی ئاینی ئیسلامەوە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا توانیان دەست بەسەر زۆربەی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بگرن و بیکەن بە مەیدانی خۆیان، هەر بەو جۆرەش شارستانیەتی بێزەنتەشیان داگیر کرد، و بەگشتی خەلافەتی ئیسلامیان گرتە دەست، هەر بە ناوی سەرەک خێڵێکیانەوە کە ناوی ئوسمان بوو دەوڵەتێکیان لە سەر شێوەی نیمچە کۆیلایەتی ئاسیای دوور دامەزراند، بە زۆری شمشێر باج و خەراج و سەرانەیان خستە سەر میللەتانی ناوچەکە، زوڵم و زۆردارییان بە رەشی لە مێژووی یۆنان و بولگار و عەرەب و ئەرمەن و کورددا نووسراوەتەوە، تەنها کولتوریان بۆ نەتەوەکانی ژێردەستیان ماشینەوەی بەروبووم و سەروەت و سامان و کەنیزک و کۆیلە و جاش سەندن بووە، لە جیاتی نەخۆشی و نەخوێندەواری و هەژاری و کۆیلایەتیان پێداون. بەم جۆرە - کورەکانی گورگە بۆر - کە واش بە خۆیان دەڵێن بوونە هۆ و کۆسپ لە رێگەی پێشکەوتنی ئاسیا و ئاستی کولتور و شارستانیەتی زۆر نەتەوەدا، هەتا سەدەی بیستەم کە بزوتنەوەی تۆرانی دووریەکی دژوارتری وەرگرت، ئەمجارە لە بەرگی زانستی و بە (ئەورووپی) بوون دا و پشت بە ئیمپریالیزم، بە سەرکردایەتی «باوکی تورک» مستەفا کەمال - ئەتاتورک - کە بە رەسەن ئەلبانی بووە، بەلام هەڵگەڕاوەتەوە - بۆ پەیرەوکردنی پەیامی تۆرانی بۆ خوێن رشتن و زۆرداری بووژانەوە، لەسەر رۆشنایی بیری فاشی و نازی و راسیستەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا هەندەی تر درندەیی خۆیانی زاخاو دایەوە.

پاش جەنگی جیهانی یەکەم وڵاتە ئیمپریالیستەکان بە سەرکردایەتی بەریتانیا و فەرەنسا بۆ بەرژەوەندی ئابووری و ستراتیجی خۆیان رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان داگیرکرد و بەو جۆرەی کە بەچاکیان زانی نەخشەی رامیاری ناوچەکەیان گۆڕی و چەند کۆلکە دەوڵەتی کارتۆنی سەربەخۆیانیان تیادا دامەزراند لەوناوەدا کوردستانیان لەباربرد لە جیاتی سەربەخۆیی هێنایان بە زۆری زۆرداری و بە سنووری دەستکرد کە نە سنووری مێژوویی بوون و نە سنووری نەتەوایەتی، خەڵکی کوردستانیان کرد بە چوار پارچەوە، خستیانە سنووری چوار دەوڵەتی کارتۆنی ناوچەکە، کە هەموو بە پیلانی ئیمپریالیزم بە رێگەوە دەچوون. لە ساڵی ١٩٢٤ دا - کۆماری تورکیایان دامەزراند، و پیاوێکی خۆیان کە باوکی تورک مستەفا کەمال بوو « ئەتاتورک» : واتە «باوکی تورک»، کرا بە سەرۆکی، هەرچەندە کورد لە ساڵی ١٩٢٢ دا پەیمانی دەوڵەتی سەربەخۆی پێدرابوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٣ دا بڕیاری دابەشکردنیان دەرکردبوو، هەر بۆیەش تەنها هێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا کە دژی هاتنی ئیمپریالیزم خەباتیان دەکرد هێزی کوردستان بوو ، لە هەموو ناوچەکانیدا راپەڕینی چەکداری دژی بەرپا دەکرا، لەوانە شۆڕشی شێخ مەحمودی بەرزنجی، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی سمایل خانی سمکۆ و شۆڕشی ئیحسان نووری پاشا و ئینجا شۆڕشی سەید رەزا، هەموو ئەم شۆڕشانە لە پێناوی ئازادی کوردستان دا بوون و رەوایی یاسایی و مێژوویی و شارستانی خۆیان هەبووە، هەرچەندە بە پێچەوانەوە پروپاگەندە دژ بەم شۆڕشانەش دەکرا و بەهێزی بوردومان و تۆپ و تانک و کوشتن و بڕین و راگواستن وەڵامی کورد دەدرایەوە - هەمیشە ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی ترسیان لە شتی زۆر خەراپ هەبووە کە کورد بیهێنێتەوە رێگایان و هەموو ریسەکەیان لێبکاتەوە خوری، بەتایبەتی کە چاک لە رابووردوی کوردیان دەزانی. بەم جۆرە کورد بە دەستی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیان دەکوژران بە هەزاران، کەچی راگەیاندنی ناوچەکە و ئەورووپا و ئەمەریکا بە خراپی باسی کوردیان دەکرد، بەرژەوەندی سەرمایەداری جیهانی رامیاری دووڕوویی بوو، لە پێناو پتر دەسکەوتی ئابووری و ئیمپریالی دا.



www.arsivakurd.org

تورکی-عراقی و ئەردنی-عیراقیمان ئەوی، هەلبژاردنی ئازادمان ئەوی». پاشان دەلیٚ: ...لەم کاتەدا «شوکت احمد» چوسەر میکروفۆنەکە و داوای لە دانیشتوەکان کرد دوو دەقیقە لە ماتەمیدابن بۆ شەهیدەکان..... لە پاشان جەمال قادر وتاریکی بەعەربی خویٚندەوە لە سەر خەباتی دژی داگیرکەران تا راپەرینی ٢٧ کانوونی دووهەمی ئەمسال..... انجا رەفیق چالاک شوینەکەی گرتەوە لە بابەت دەست کورتی شمال و جنوبی عراق و بیٚ دەرامەتی و برینداریان بەدەست استعمار....، پاشان کچە کورد «مسکینە تومی» چوەسەر دەستی پیٚکرد، چون خیر و خیراتی ولاتەکەمان بۆ بیگانەیە! وەچۆن ئاغایەکی بیٚ فەرر ئەکاتە کاری کە مسکینەکان لە برسانا بکوژیت؟؟ پاشا«بدر شاکر - دیارە ئەوکات پاش‌ناوی (السیاب) لە گەل نەبووە- «ج.ح» شوینی گرتەوە، لە شیعرەکانیا باسی کاوە و چیای شیرین، دەربەدەری بارزانیە هەژارەکانی کرد، کە کوژران، گیران، یەخسیر کران، فروشران! لیٚرەدا گیرمانیک پەیدابوو!!

لە پاشان سیٚ کەسی تر وتاریان خویٚندبووەوە- رشید کەریم و کمال کەریم(سەرۆکی یەکیٚتی قوتابیانی سلیٚمانی) و دەنووسیٚ:

«لەپاشا کچە کورد«خانم زەدین(راستیەکەی-زوهدی ج.ح) چوە سەر هات بەسەر و گویلاکی استعمارا بەلام چون هاتنیک».

هەروەها لە گۆشەی «هەوالی ناوەوە» چەند دەنگ و باسیک بلاوکرابووەوە لەوانە: نەورۆز لە سلیٚمانی و تیٚدا هاتووە:- رۆژی ١٩٤٨/٣/٢١ لەسلیٚمانی لە کاریزی شیٚخ محمود جەژنی نەورۆز کرا.

.... کردنەوەی کوبونەوەکە بە موسیقەیەکی خۆش دەست پیٚکرا، لە پاشا محمد احمد طە( واتە کامەران موکری شاعیر-ج.ح) وتاریکی نایابی خویٚندەوە تا نزیکەی سەعاتونیویکی خایان... هەروەها کچەکەی دوکتور هاشم(هاشم دوغرەمەچی- ج.ح) شیعریکی بەرزی خویٚندەوە.

لە مەلاکانیشا شیٚخ رەوفی شیٚخ سعید وتاریکی بەرزی بە مەعنای خویٚندەوە.

هەر لەم گۆشەیدا باسی مانگرتنی کریکارانی ریٚگای ئاسن‌دەکا لە ٤٨/٣/١٨ کرا بۆ ئەوە مانگانەکانیان بۆ زیادبکریٚ و قانونی عمالیان بۆ جیٚبەجیٚ بکریٚت» لە پۆستەی سلیٚمانی کە رەفیق چالاک ئامادەی کردبوو نووسراوە: رۆژی ٤٨/٣/٢٢ وفدیک لە سلیٚمانیەوە هاتنە بەغدا، ئەو ئامانجانە کە هەیانبو لە سەر کاغز دایان بە فخامتی رئیس الوزرا و مراجعی مختصە و احزابەکان. هەروەها هاتنە ادارەی ئەم گۆڤارەش صورەتیکیان وەکو لیٚرە نووسراوە دا بە ایمە بۆ بلاوکردنەوە. لە بیرخەرەوەکەدا نۆ داخوازی بلاوکرابووەوە. ئیٚمە لەو وتارە دا تەنیا پەنجە بۆ هەندیکیان رادەکیٚشین و بە پیٚی ژمارەی داخوازیەکان بلاویان دەکەینەوە.

بەندی (٥)- بەرەللاکردنی سەبەستی دیمکراسی، مەیدان دان بە ریکخستنی احزاب و نقابات، نەهیٚشتنی لەشکری پولیسی نهیٚنی، وازهینان لە ئازادی‌خواهان.

بەندی (٦) بەرەللاکردنی ئەوکەسانەی کە حەپس، گیراو، دورخراوی‌سیاسین.

بەندی (٧)- بەرەللاکردنی بەرزانیەکان و جیبەجیٚ کردنی ایشوکاریان.

بەندی (٩) جیٚبەجیٚ کردنی تەنگو چەلەمی توتن و زەوی و زار لە هەموو عراقا.

لە دوا لاپەرەی ئەو ژمارەیە دا گۆشەی «هەوالی دەرەوە» هەیە. زۆر کورتە دەنگوباسی تیدا بلاو کراوەتەوە، ئیٚمە لەبەر ئەوەی ئیٚستا لە کوردستان، داگیرکەران هەموو هەول و تەقلایان لە نیو بردنی کوردە، لە ١٥/نیسان/٨٧وە حکومەتی بەعسی دیکتاتوری کوردستان بە چەکی کیمیاوی بۆمباران دەکا ئەم سالیش لە ١٥، ١٦ ئادار، حکومەتی بەغدا چەکی کیمیاوی دژی شار و گوندەکانی کوردستان بەکار هیٚناوە، بەتاییەتی دژی دانیشتووانی شاری هەلەبجەی خویٚناوی کە نزیکە ٨-٩ هەزار ژن و مندال و پیرەمیٚرد و لاو کوژران و بریندارکراون بەم بۆنەوەیە ئەو دەنگوباسەی گۆڤاری «نزار» بلاو دەکەینەوە کە چلْ سال لەمەوپیٚش ریٚژیمی دیکتاتوری یۆنان گازی کیمیاوی و ژەهراوی بەکار هیٚناوە دژی نیشتمانپەروەرانی یۆنان.

«نزار» رادەگەیٚنی: رادوی یۆنانی سەربەست بلاو کردوەوە کە حکومەت غازاتی کوشندەی لە ناو ئاژاوەگیررەکانا بەکار هیٚناوە.»

بیٚگومان، هەر ژمارەیەک لە ژمارەکانی گۆڤاری «نزار» کە رستەیەکی دەولەمەندی تیدایە نەک تەنیا بۆ زمان و کولتور، بەلکو بۆ میٚژووی بزوتنەوەی نیشتمانی کورد و ژیانی کۆمەلایەتی کوردستان چلْ سال بەر لە ئیٚستا دا.

٢- پرکردنەوەی نا تەواوی میلەتو ولات لە روی دین، ثەقافەت، سیاسەت، واجتماعەوە.

٣- سەرزەنش کردنی ئەو کەسانە کە نیازیان خراپە بەرامبەر بە عراق وەدانیشتووانی وەلە پێناوی منفعتی شخصیدا چاو لە منفعتی گشتیی ئەپۆشن وەبەتەنگ ئەوەوە نین کە میلەتو ولات پێ بگا.

بێگومان کە خوێنەر زمان و رێنووسی چل سال بەر لە ئێستا لەگەل ئەورۆ بەراورد دەکا، بەروونی بۆی ئاشکرا دەبێ، کە زمانی کوردی - کرمانجی خوارو - چەند پێشکەوتووە و پاراوتر و پەتی تر بووە، جێی خۆیەتی بڵێین، کە زمانی کرمانجی ژوورو، بەبروای نووسەری ئەو چەند دێرە، بەپێچەوانەیە گەر نووسین و وتارەکانی جەلادەت بەدرخان و گۆڤاری هاوار و روناهی و رۆژانوو لە گەل زمانی گۆڤارەکانی کوردی - کرمانجی ژووری - ئێستا لە ئەوروپا دەردەچی بەراووردیکەین؟.

- نامەی شاعروە ادیبی گەورە استاذ محمد مهدی الحواهری.

شاعیری گەورەی عیراق و عەرەب، محەمەد مەهدی جەواهیری کە یەکێکە لە روناکبیرە ناسراوەکانی عیراق و تیکۆشەرێکی مەزنە.. نامەیەکی بۆ ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە رەوانە کردوە، لە بەشی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە و وەرگێراوی نامەکە لە بەشی کوردی بڵاوکراوەتەوە.

لە نامەکەی جەواهیری دا هاتووە:-

بە دڵ حەزم لە برایەتیی راستەقینەی هەر دوو میلەتی عرب و کورد کردوە وەهەمیشە ئەیکەم. گەلی لە جاران زیاتر هەروەها حەز ئەکەم کاربەدەستان چەن بتوانن هەول بدەن بۆ پیک هینانی هۆی خۆشی، کامەرانی و دڵنیایی بۆ میلەتی کوردی وەجاغزادە و آزاد و نەبەز لە مەیانی هەوڵدانیاندا تیکرا بو بەرزکردنەوەی ئەم نیشتمانە خوشەویستە»

لە کۆتایی نامەکەدا جەواهیری روو لە مامۆستا سەجادی دەکا و دەڵی: هاوکارە خۆشەویستەکەم! ئەرکێکی زۆر گرانمان لە سەرە بەرامبەر بە ولاتمان، ئەرکێکی وا کە گەلی زیاترە لەو رادەیە کە بە نووسەر هەلگیری ئەویش بانگ کردنە بۆ حەق، بۆ آزادی وەبۆ تازەپەرستی بە ئاشکراو بە دلێکی قایم و بێ ترس»

هەر لەم ژمارەیە دا، وتارێکی مامۆستا عەلی حەیدەر سلێمان بڵاوکراوەتەوە لە ژێر ناوی: «دیموکراسی وەپەیوەستیی لەگەل کەسانا» هەروەها مامۆستا حوسین جەمیل پیرۆزباییکی بۆ گۆڤارەکە رەوانەکردوە لە سەر برایەتی عەرەب و کورد» لە وتارەکەدا هاتووە: «... هە دووکیان(کورد و عەرەب ج.ح) بوون بەیەک نیشانگا بۆ ئیستعمار پەرستەکان و تووشی دەردیان بوون. بەم هویەوە هەر دووکیان پێکەوە هەول ئەدەن بۆ ئازادی و رزگاربوون وەبۆ گەیشتنە بەم آمانجە بەرز و پیرۆزە.»

هەروەها لە ئەم ژمارەیەدا گۆشەیەک هەیە لە ژێر سەردێری«استعمار چیە؟» تێدا هەوڵی داوە ئەم وشەیە شی بکاتەوە و دەنووسێ:- «ووتەی استعمار بەعەرەبی هەرچەند مەعنای آوەدانی کردنەوە ئەگرێتەوە بەلام خۆی لە خۆیدا وێران کردنە، سەیرکەن تا چە رادەیەک بێگانە گالتە بە ریشمان ئەکات وێران کەرە و خوی بە آوەدان کەر ئەداتە قەلەم» ولە کوتایی وتارەکەدا نووسەرەکە دەنووسێ: «آمانجی استعمار بە کورتی قازانج پەیاکردنە بۆ چەند سەرمایەدارێک، بەگەل چەوساندنەوە و رسواکردنی، بۆ بێکهینانی ئەم آمانجەش ئەبی گەل بەدواکەوتووی بهیلێتەوە بۆ ئەوەی نەزانیت چۆن تالان ئەکریت، و گیانی نیشتمان پەروەریتی بمرێنیت نەوەک تەنگیان پێهەپخست وەئەم سرچاوە چەورەیان لەدەست دەربێنیت» ئەم وتارە لە لایەن «ن.أ» ناوێک نووسراوە.

لە گۆشەی دەنگوباسی سلێمانی لەم مانگەدا پەیام نێری نزار نووسیوە: «لە رۆژی سێشەمە ١٩٤٨/٣/٩ دا کۆمەلی یەکیەتی قوتابیان لە مزگەوتی گەورە حفلەیەکی تأبینیی بۆ شەهیدەکان کرد.» هەروەها کورتەی ئەو وتارەی بلاوکردۆتەوە کە لە پرسەکەدا خوێندراوەتەوە کە لاپەرەی خەباتی گەلانی عیراقی تێدا نیشان دراوە دژ بە حکومەتی کۆنەپەرستی و ئیمپریالزم» هەروەها گۆڤارەکە لە لاپەرەی داهاتویدا دەنگوباسی چلەی شەهیدەکانی بلاو کردۆتەوە کە لە بەغدا کراوە و دەنووسێ:

« رۆژی ١٩٤٨/٣/١٩ گەلێ لە گەنجە کوردەکان چاوەریی سەعات سێ پاش نیوەررویان ئەکرد بۆ ئەوە بچن لە سەر کورسییەکانی(ملهی جواهری) دانیشن و چەژنی نەورۆزیان بکەن بە شیوەن بۆ شەهیدەکانی ریی ئازادی.» پاش باس ئەوەدەکا، نەورۆزەکە لە ژێر ئەو دروشمانە کرا: «نانمان ئەوی بۆ گەل، داوای بەربونی بەرزانیەکان و گیراوە سیاسیەکان ئەکەین، روخاندنی پەیمانی ١٩٣٠مان ئەوی هەلوەشاندنەوەی پەیمانی

# چڵ ساڵ بە سەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری «نزار»

د. جەمشید حەیدەری

لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ گەلانی عیراق راپەرینێکی گەورەیان بەرپا کرد دژی رێکەوتنی (پورت سمۆث)ی نێوان حکومەتی عیراق و ئینگستان. ئەو راپەرینە خوێناوی‌یە، کاربەدەستانی دەوڵەتی عیراقی ناچار کرد، رێکەوتنەکە هەڵوەشێننەوە و مافی دیموکراتی و سەربەستی بیر و دەربرینی گشتی رێگا بدەن... لەو ساڵە دا تەنیا دوو بڵاوکراوەی کوردی لە عیراق دا رێگای درابوو (ژین)ی پیرەمێرد لە سلێمانی و گۆڤاری گەلاوێژ لە بەغدا.

روناکبیرانی کورد لە تەک هەموو هێزە دیموکراتی و نیشتمانپەروەراندا چالاکانە بەشداری خەباتیان دەکرد. مامۆستا عەلادین سەجادی، زاناو رۆژنامەنووس و نیشتمانپەروەر سوودی لەو دەرفەتەوەر گرت کە رەخسابوو و داوای لە وزارەتی نێو خۆ کرد، رێگای بدا گۆڤارێکی سیاسی کوردی و عەرەبی دەربکا.

بێگومان کاربەدەستانی ئەو کات، دوای راپەرینی کانوون نا چار بوون سەربەستی رۆژنامە و خۆپیشاندان و دامەزراندنی کۆمەڵ و پارتی سیاسی بدا، تا ئەو کاتەش، لەکوردستانی عیراق، جگەلە قوناخی حوکمرانی شێخ مەحموودی نەمر، گۆڤاری سیاسی کوردی نەبووە، بە ئاشکرا.

بۆیش رێگادان بەدەرچوونی گۆڤارێکی سیاسی بەزمانی کوردی و عەرەبی بایەخێکی تایبەتی هەبوو لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی و بزوتنەوەی کۆمەلایەتی و سیاسی کورد لە کوردستانی عیراق دا.

مامۆستا سەجادی، «نزار»ی هەڵبژارد بۆ ناوی گۆڤارەکەی لەبەر ئەوەی بەسەر زار دا سووک دێ لەهەر دووزماندا.

ژمارەی یەکەمی گۆڤاری «نزار» لە ١٩٤٨/٣/٣٠ دەرچوو، واتە چڵ ساڵ بەر ئێستا. ئەم سالێش بەبۆنەی ٩٠ ساڵەی مێژووی رۆژنامە گەری کوردی، ئەم وتارە تەرخان دەکەین بۆ گۆڤاری «نزار» لە بەشی یەکەمی ئەم وتارە دا تەنیا خوێنەران بەناوەرۆکی بەشی کوردی ژمارەی یەکەم دەناسێنن، هیوادارین لە بەشی دووەمدا باسی ناوەرۆکی ژمارەی «٢٢» بکەین، کە دوا ژمارەی ئەو گۆڤارەیە کە لە ١٥ شوباتی ١٩٤٩ دەرچووە.

## گەشێک بەژمارەی یەکەمی «نزار»

خاوەنی ئیمتیاز و سەر نووسەری گۆڤار:
مامۆستا عەلادین سەجادی.
مودیری بەرپرسیار–مەحموود سنەوی.

ژمارەیەکەم بە ٢٤ لاپەرە دەرچووە، قەوارەی ٢٢سم *٣٠سم. ١٢ لاپەرەی یەکەمی بەعەربی بوو، لە لاپەرەی ١٣و، بە کوردی دەرچووە. لە بەشی کوردی دا لە ژێر ناوی گۆڤارەکە نووسراوە: گۆڤارێکی حەفتەیی سیاسی کوردی و عەرەبی یە. ئەوەی سەرنج راکێش بێ مێژووی دەرچوونی گۆڤارەکە لە بەشی کوردی نووسراوە ٣٠ مایس ١٩٤٨، بەلام ئەوەی راستی بێ، هەر وەکو لە لاپەرەی یەکەمی گۆڤارەکە بەعەرەبی نووسراوە، ٣٠ ئادار ١٩٤٨...

– سەروتاری بەشی کوردی بە پێنووسی مامۆستای مێژوونووس محەمەد ئەمین زەکی بەگە لەژێر سەردێڕی:
* آموژگاریمە بۆ «نزار» مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی دەنووسی: «... چەوت مەبە، شوێن چەوت مەکەوە و خۆتی لێ بپارێزە...» ... قەت بۆ تفرقە و دوژمنایەتی هەوڵ مەدە. هەمیشە هەوڵ بدە بۆ تأییدی برایەتی و کوشتنی دودلی و دوژمنایەتی. بەم رەوشتە پشتی استعمار و دەسی و پێوەندی ئەتوانی بشکینی. »

– امانجمان چیە؟ ئەم وتارە لە نووسنی مامۆستا سەجادیە، هەرچەند لە بەشی کوردی ناوی نووسەر نە نووسراوە، بەلام لە بەشی عەرەبی‌یەکەی بە ناوی – سەجادی –یەوە. مامۆستا سەجادی، بە پێی بارودۆخی ئەوکات و سیاسەتی رۆژانەی کورد و بۆ چوونی هێزە سیاسیەکانی کورد..، مامۆستا سەجادی ئامانجی گۆڤارەکەی لە سێ خال دا دەست نیشان کردوە: ١– بەهێزکردنی برایەتی‌ی کورد و عەرەب و پێش خستنی عراقی نیشتمان.

---

* ئەو دەقانەی لە گۆڤارەکە وەردەگێرین، بەرێنووسی گۆڤارەکە بلاو دەکرێتەوە.

# قوتابیانی کورد له پەرلەمانی سویدی

رۆژی ۲۳/ئەیلول سی و سیٚ ئەندامی کۆمەڵەی میدیای منداڵان و لاوانی کورد له کاترینەهۆلم لەگەڵ مامۆستای زمانی کوردی مرئەیەد تەیب و دوو مامۆستای سویدی ئەننالی و مارگرێتا چوونه پەرلەمانی سویدی.

له خانووی پەرلەمانی سویدی، ئەندامی پەرلەمان هانس یۆران فرانک که ناسراوه به دۆستی بێگانه به گشتی و کورد بەتایبەتی پێشوازی لیٚ کردن و له یەکیٚ له هۆڵەکانی پەرلەمان کۆبوونەوه دەستی پێکرد. لەسەرەتادا کچی کورد ئەڤین بۆتانی (۱۱ ساڵ) شیعرێکی بەزمانی سویدی لەسەر باری ئێستای گەلی کورد خوێندەوه. دوایی منداڵی کورد مشتاق رۆژبەیانی (۷ ساڵ) ئالای کوردستانی پێشکەش به ئەندامی پەرلەمان کرد. پاشان ڤیان بۆتانی بەرپرسیاری کۆمەڵەکه وتارێکی کورتی خوێندەوه، له وتارەکەدا تاوانەکانی رژێمی سەددامی دژی گەلی کورد ریسواکرد و داوای له پەرلەمان و حکومەتی سویدی کرد که دەنگی پشتگیری بەرز بکەنەوه لەگەڵ گەلی کورد و یارمەتی پەنابەرەکانی کورد بدەن که چوونەته تورکیا.

دوای ئەوه هانس یۆران فرانک گوتی: ئێمه ئاگامان له گەلی کورد هەیه، من خۆم، هەروەها وەزیری دەرەوەش ستێن ئەندرسۆن هێرشەکانی لەشکری عێراقی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ به خەڵکی بیٚ دەسەڵاتی کوردمان تاوانبار کردووه.

کۆبوونەوەکه نزیکەی نیوسەعاتی خایاند، دوایی هانس یۆران فرانک منداڵانی کوردی بەناو خانووی پەرلەماندا گێڕا. منداڵانی کورد بەگەرمی سوپاسیان کرد.

کۆمەڵەی میدیا: رۆژی ۱۹۸۸/۸/۱۷ دامەزرێنراوه له شاری کاترینەهۆلم، ژمارەی ئەندامانی دەگاته ۳۸ منداڵ و لاوی کورد له تەمەنی حەوت ساڵییەوه تا ۱۷ ساڵی. له ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵەیه ئەوەیه کەسایەتی نەتەوایەتی ئەندامەکانی بپارێزیٚ و دەنگی کورد بگەیەنێته رای گشتی سویدی. لەسەر ئەو چوونەی منداڵانی کورد بۆ پەرلەمانی سویدی هەردوو رۆژنامەی کاترین هۆلم (کورین KURIREN و فۆلکیتFOLKET) لەسەریان نووسیبوو.

هیوای سەرکەوتن بۆ کۆمەڵەکه دەخوازین.

«بەربانگ»



لەبەردەم پەرلەمانی سویدیدا

# ڤیستیڤاڵی منداڵان له ستۆکهۆلم

رۆژی ۱۵ - ۱۹۸۸/۱۰/۱٦ به سەرپەرشتی RADDA BARNEN ی ستۆکهۆلم، ڤیستڤاڵی منداڵانی جیهان سازکرا. منداڵانی پۆلۆنیا، نیکاراگوا، مەکسیک، چیلی، ئەفریقای خواروو، سەلڤادۆر و کوردستان له سوێد تیایدا بەشدار بوون.

تیپی هەڵپەرکێی هیڤی و کچی کورد هێلین بەهاوکاری مۆسیقا ژەن مستەفا، بەگۆرانی هەڵپەرکێی کوردی بەشدارییان کرد و سەرنجی ئامادەبووانیان راکێشا. تەلەفزیۆنی سوێدی و رۆژنامەنووسان لەویٚ ئامادەبوون و زۆربەی رۆژنامه سەرەکییەکانی سوێد باسیان کردووه ... رۆژنامەی «داگینس نیهێتەر لەگەڵ باسکردنی ڤیستیڤاڵەکەدا وێنەی تیپەکەی کوردستانی بلاوکردبۆوه ... ئەو خانمەی تیپەکانی پێشکەش کرد بەدرێژی باسی کوردستانی بۆ ئامادەبووان کرد.

ئامانجی ئەم ڤیستیڤاڵه ئەوەیه که ئەو منداڵانەی به ناچاری له ژێر زەبروزەنگدا، وڵاتی خۆیان جێهێشتووه، یەکتری بناسن و کلتوری خۆیان پیشانی یەکتر بدەن ... لەو دوو رۆژەدا نزیکەی ۲۵۰۰ کەس چووبوون بۆ ڤیستیڤاڵەکه.

* RADDA BARNEN رێکخراوێکی سوێدیه بۆ یارمەتیدانی منداڵانی جیهان و رزگارکردنیان له چەوساندنەوه و مردن.

www.aliswakurd.org

# سەدبارە کردنەوە

هێمن

کاتێک کە وڵاتە کۆلۆنیالی‌یەکان ناچار دەبن وڵاتەکانی بن‌دەستیان جێ بهێڵن ئەوا هەوڵ دەدەن بە شێوەیەکی نوێ بەردەوامی بە چەوساندنەوەی ئەو وڵاتانە بدەن و دەیانەوێ بەهەر شێوەیەک بووە ناراستەوخۆ ئەو وڵاتانە بە خۆیانەوە ببەستنەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەو پیلانانەشیان ڕێگای جۆراوجۆر دەگرن: ئەو وڵاتە لە قەرزا نوقوم دەکەن یان چەند پەیمانێکی پیشەسازی و سوپایی‌یان لەگەڵدا مۆر دەکەن و بە گەلێک شێوەی دی ئەو وڵاتە دەکەنە وابەستە. ئەگەر ئەمانەشیان هیچی بۆ نەچێتە سەر ئەوا تۆوی چەند نەخۆشییەک لەو وڵاتانەدا جێ دەهێڵن و هەرکات ئارەزوو بکەن دەیژێننەوە. دێن (پاش ئەوەی بەوردی لە کۆمەڵگاکە دەکۆڵنەوە) ئاینە جیاوازەکان دەکەن بەگژ یەکدا و بەربەرەکانی‌یەکانیان تیژ دەکەنەوە، یان وڵاتەکان دابەش دەکەن و چەند نەتەوەیەک لە سنووری دەوڵەتێکدا تێک دەخزێنن و پاشان ناکۆکی نەتەوایەتی ساز دەکەن و ئاگری ئەو بەربەرەکانی‌یە خۆش دەکەن. بۆ ئەوەی ئەم کارانەیان سەر بگرێت هەوڵ دەدەن تا لە توانایاندا بێت سیستەمێک یا سەرکردەیەکی داپڵۆسێنەر و دیکتاتۆر بۆ ئەو وڵاتە دروست بکەن. بەم کارە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بوار بە خەڵک نادەن هەناسەیەکی حەوانەوە بە سەربەستی هەڵبکێشێت و بکەوێتە سەرپێی خۆی.

وڵاتە کۆلۆنیالی‌یەکان دەیانەوێت هەمیشە پشێوی و ناجێگیری لەو وڵاتانەدا بەرقەرار بێ کە جێیان دەهێڵن بۆ ئەوەی لەناو ئاوی لێڵدا راوی خۆیان بکەن و بازاڕیان بڕوات بێ ئەوەی خەڵک بپەرژێت بەرژەوەندیەکانیان بخاتە مەترسی‌یەوە. هەر کاتێکیش بارودۆخ وای پێویست کردبێت کە سەرۆکی ملۆزم لابەرێت و مانەوەی زیان لە بەرژەوەندی وڵاتە دەسەڵاتدارەکان بدات، ئەوا ئەوسا وەک پیاوچاک لەخەڵکی هاتوونەتە پێشەوە و خۆیان بە دەستی یارمەتی درێژکەر نیشان داوە و چەند ریفۆرمێکی سادەیان لە سیستەم و سەرکردەدا کردوە. خۆشبەختانە، زۆرجار خەڵک ڕێی لەم پیلانە گرتووە و بەسەریانا سەرکەوتووە، بەڵام پیادەکردنی سیاسەتی وابەستە لەلایەن وڵاتە دەستەڵاتدارەکانەوە هەمە چەشنە و لە بەرگی جیاوازدا خۆ دەنوێنێت و خەباتی هەمەچەشنە و هەمەلایەنەی پێویستە.

کوردستانی وڵاتی ئێمەش، بەداخەوە، نەک تەنیا لەم یاسایە بەدەر نی‌یە بەڵکو لەزۆر ڕووەوە ئەم یاسایەی بەسەردا سەپێنراوە. بۆیە بۆ ئێمەی کوردی بن دەست زۆر گرنگە کە ماکی ئەو نەخۆشی و دیاردە نێگەتیڤانە نەهێڵین کە لەناو کۆمەڵگاکەماندا دروست بوون یان داگیرکەرەکانمان چاندوویانە و هەوڵی مانەوەیان دەدەن. چونکە مانەوەی ئەم کەم و کورتیانە ڕێ لە گەشەی ئاسایی کۆمەڵگا دەگرێت و هەڵە دەخاتەوە، چونکە ئەم کەم و کورتیانە خاڵی بێ هێزی کۆمەڵگان و دوژمنان لێیەوە زەفەرمان پێ دەبەن. بۆیە بۆ ئەوەی داری خەباتمان بەرگەی ڕەشەبای دوژمنان بگرێت دەبێت ئەو کرمانە لەناو لەشی داردا دەربهێنین کە کلۆری دەکەن و دای دەرزێنن. گوێ گرتن لە کەسی بەرامبەر و قبووڵ کردنی وەکوو مرۆڤێکی بیروباوەڕ ئازاد یەکێکە لەو هەنگاوە سەرەتاییانەی کە داوی پیلانەکانی دوژمنەکانمان دەپسێنێ. چونکە لە بیرورِا بە ئازادی دەربڕیندا گفتوگۆ دروست دەبێت و ڕەخنە دەگیرێت، لە ڕەخنە گرتنیشدا هەڵە پەی پێ دەبرێت و چارەسەرکردنی ئاسان دەبێت، ئەوکاتەش دوژمن ناتوانێ لە هەڵەکانمانەوە زەفەرمان پێ بەرێت. تێگەیشتن و پراکتیک کردنی ئەو چەند دێڕە ئاسان نی‌یە و مرۆڤ تووشی گێرمە و کێشە و بگرە و بەردەیەکی زۆر دەکات، چونکە هەڵگری بیری خۆسەپێن و داپڵۆسێنەری هەر کۆمەڵگایەک نەمانی خۆی لە ئازادی بیروباوەڕدا دەبینێتەوە و بە توندی دژایەتی دەکات.

تێکەڵاونەکردنی مانای وشەکان و تێگەیشتن لێیان گەلێک گرنگە. مەرج نی‌یە ئەو کەسەی ڕەخنەت لێ دەگرێت دژایەتیت بکات. بەڵام مەرجە کە ئەو کەسەی ڕەخنەت لێ دەگرێت ئامادەبێت گوێ لە وەڵامی ڕەخنەکانی بگرێت و گفتوگۆی لەسەر بکات، زۆریش مەرجە خۆشی ئامادە بێت گوێ لە ڕەخنەی خەڵکی بگرێت. لە هەمان کاتدا ئەو شتەی بۆ خۆتی بەرەوا دەبینیت دەبێ بۆ مرۆڤێکی دیکەشی بەرەوا ببینیت. کەواتە ئەو کەسەی بۆ ئازادیی بیروباوەڕی خۆی هەوڵ دەدات نابێ ئەو مافە بۆ ئەو کەسانە بەڕەوا نەبینێت کە ئەوانیش بۆ ئازادی بیروباوەڕیان خەبات دەکەن. زۆر پێش ئێستا ڤۆڵتێر وتوویەتی: «لەوانەیە ڕام لەگەڵ ڕات یەک نەکەوێ، بەڵام ئامادەم گیانی خۆم بۆ داکۆکی کردن لە ئازادی ڕادەربڕینت دانێم».

ڕەخنە قبووڵ کردن تێگەیشتوویی و زیرەکییە، هەروەکو چۆن دان نان بە هەڵەدا لە زیرەکییەوە هاتووە. چونکە دان نان بە هەڵەدا واتە تێگەیشتن لێی و هەوڵدان بۆ دووبارە نەکردنەوەی. بیری خۆسەپێن و داپڵۆسێنەر نەدان بە هەڵەدا دەنێت و نەڕەخنەش قبووڵ دەکات. بیری خۆسەپێنی، دیاردەیەکە کە هەم تاک و هەم کۆ دەیگرێتە خۆی. نوێنەری ئەم بیرە زۆرجار مرۆڤێکە و هێندێ جار کۆمەڵێ مرۆڤ یان گروپێکی خاوەن بەرنامە و یان ڕەنگە ڕژێمێک بێت باوەڕهێنان بەبیری داپڵۆسێنەر پێشێلکردنی ئازادیی بیروباوەڕە. بۆیە ئەو مرۆڤەی باوەڕی بە ئازادی ڕا دەربڕین هەبێت، دەبێت باوەڕی بە نەهێشتنی بیری بەزۆرخۆسەپێنی هەبێت. ئەمەش هاوکێشەیەکی بنەڕەتی ژیانە.

www.arsivakurd.org

# نموونەی رەفتاری حکومەتی تورکیا بەرامبەر پەنابەران

دوای ئەوەی سەدان هەزارکەس لە کوردستانی عێراقەوە بەناچاری پەنایان بردە بەر رژێمی فاشیی تورکیا، لە کوردستانی تورکیادا بەسەر چەند ئۆردوگایەکدا دابەش کران ... یەکێک لەو ئۆردوگایانە لە ناوچەی سلۆپی‌یە، ئەم ئۆردوگایە بووە بە نموونە بۆ ناجوامێریی تورکە تۆرانییەکان. کاتیٚ کە کوردە ئاوارەکانیان بەرەو سلۆپی برد، کوردەکانی ئەم شارەی کوردستان دەیانویست یارمەتییان بدەن، خواردن و جل و بەرگ و پێخەفیان پێشکەش بکەن، حکومەتی تورکیا هەموو جۆرە پەیوەندییەکی لە نێوان دانیشتوان و پەنابەرەکاندا قەدەغەکرد و رێگای نەدان یارمەتییان بدەن. بەڵام کوردەکانی سلۆپی رۆژانە چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی جل و بەرگ و پێخەف و پێویستی تریان بۆ دەبردن ...

ئۆردوگای سلۆپی و ئۆردوگای گەڤەر، ئەو دوو ئۆردوگایەن کە حکومەتی تورکیا رێگا نادات بە هیچ کەسێکی ئەورووپایی یان بیانی وەک رۆژنامەنووسان و کەسانی تر کە بچنە سەردانی کوردە ئاوارەکان. چونکە باری ژیان و گوزەرانی ئەم ئۆردوگایە یەکجار سەخت و دژوارە.

شاری سلۆپی لەسەر سنوورە و تەنها ۲۰ کیلۆمەتر لە زاخۆوە دوورە ... رژێمی عێراق بە یارمەتی رژێمی تورکیا توانیبووی چەند بەکرێگیراوێکی خۆی وەک پەنابەر بنێریٚ بۆ ناو ئۆردوگاکەی سلۆپی. ئەم بەکرێگیراوە خۆفرۆشانە لە ئۆردوگاکەدا دەستیان کرد بە پروپاگاندە بڵاوکردنەوە و کەوتنە هاندانی خەڵکی بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق ... توانیبوویان هەندیٚ کەس لە خشتە ببەن و رازیان بکەن بۆ گەڕانەوە. رۆژێک نوێنەرانی تەلەفزیۆنی تورکیا، لەسەر داوای حکومەت، دەچن بۆ ناو ئۆردوگاکە تا فلیمی ئەوانە بگرن کە دەیانەویٚ بگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی عێراق و تورکیا ئەو فیلمە بە جیهاندا بڵاوبکەنەوە کە گوایە کوردەکان پەشیمانی دەردەبڕن و دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی بەعسیەکان ... لەو کاتەدا پۆلیس و جەندرمە چواردەوری ئۆردوگا و دەوروپشتی ئەو کەسانەیان گرتبوو کە نیازی رۆشتنەوەیان هەبوو. وێنەگرەکان دەست دەکەن بە فیلم گرتن، بەڵام زۆربەی ئاوارەکان کە دژی ئەو چەند کەسە خۆفرۆش و بەکرێگیراو و تاقمە لە خشتە براوە بوون، هەوڵ دەدەن بڕۆنە بەردەم کامیرای تەلەفزیۆن و دژی رژێمی عێراق قسە بکەن ... پۆلیس پەلاماریان دەدات، لەنێوان ئەوان و پۆلیسدا دەبێت بەشەر. پۆلیس دەکەوێتە دارکاری کردنی خەڵکەکە، کە دەبینن هەر چار نییە، ئینجا دەمانچە دەخەنە کار و تەقەیان لیٚ دەکەن، دوو لە کوردە ئاوارە پەنابەرەکان بە گوللەی پۆلیسی تورک شەهید دەبن و شەڕ گەرمتر دەبێت ... نوێنەرانی تەلەفزیۆن ناچار دەبن بەدەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە.

دانیشتوانی شاری سلۆپی بە چاوی خۆیان ئەم رووداوەیان بینی و زۆر دڵتەنگ بوون ... منداڵ و گەورە و ژن و پیر هێرش دەکەنە سەر سەربازگەی سلۆپی، جەندرمەکان رادەکەن و سەربازگەکەیان بەجیٚدەهێڵن ... ئەوانیش بەردەبارانیان دەکەن و گشت دەرگا و پەنجەرەی سەربازگەکە دەشکێنن. دوایی جەندرمە دەکەونە ناوشار و نزیکەی پەنجا کەس دەگرن ... جارێکی تریش خەڵکی شار پێکەوە دەکەونە ریٚ بەرەو گرتوخانە و داوای بەردانی گرتووەکان دەکەن، بەپۆلیس دەڵێن تا ئەوانە بەرنەدرێن ئەمان ناڕۆنەوە شوێنی خۆیان ... پاش ماوەیەک پۆلیس ناچار دەبێت گرتووەکان بەربدات.

# کوردستان پرێس بوو بە هەفتانە




کوردستان پرێس بوو بە رۆژنامەیەکی هەفتانە، بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە گەڵەکەمان و دەستەی نووسەرانی ئەم رۆژنامەیە دەکەین و هیوای سەرکەوتن و بەرەوپێش چوون و بەردەوامی بۆ دەخوازین.

۱۲/ئەیلول/ ۱۹۸٦ ژمارە سفری کوردستان پرێس لە ستۆکهۆڵم دەرچوو تا ژمارە ٤۰ هەر دوو هەفتە جارێک دەگەیشتە دەستی خوێنەران. بەڵام لە ژمارە «٤۱»ەوە لە ئەیلولی ۱۹۸۸ دا بوو بە هەفتانە. ئەم رۆژنامەیە کە بە کوردی و تورکی دەردەچێت، یەکەم رۆژنامەی کوردیە لە دەرەوەی کوردستان هەفتانە بە رێکوپێکی و لە کاتی خۆیدا دەردەچێت ... ئەوەش خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی پیرۆزە و شایانی هاوکاری لەگەڵ کردن و پشتگیری کردنە.

«بەربانگ»



www.arsivakurdi.org

دەزانیٚ کە تورکیا دژی کورد لە تورکیا سیاسەتی تواندنەوە و بەتورک کردن بەکار دەهینیٚ. لام سەیرە کە چۆن ئۆردوگایەکی لەم جۆرەی لە دیاربەکر - لە پایتەختی کوردستان کردۆتەوە.

ئەو شتانەی تر کە لەویٚ بینیم زۆر دڵگرانیان کردم، ئەمە بەئاشکرا قەلاچۆکردنی میللەتیٚکە لەلایەن عیٚراقەوە.

بەربانگ: پیٚویستیە سەرەتاییەکان چی بوون؟ هەروەها باری سایکۆلۆژیان چۆن بوو؟

یان کاستیت: لە ئۆردوگای دیاربەکردا ۱۲۹۳. کەس هەبوون. لە ۱۸۷۸ خیٚزا پیٚک هاتبوون. ۳۱۲۳ پیاو، ۲۵۸٤ ئافرەت و ۷۲۲۳ منداڵ بوون. لە ئۆردوگاکەدا تەنیا ۱۳۸٤ چادر و ۱۱ ۱۸. بەتانی هەبوو. لەم ژمارانەوە ئاشکرا دەبن کە ئەوان زۆر پیٚویستیان بە چادر و دۆشەک بەتانی و لیٚفە بوو. چادریش هەیە کە هاوینی‌یە، لە هەر چادریٚکدا ۷ تا ۱۷ کەس دەژی. باری ئەوان زۆر زۆر خراپە. دۆشەکیان نییە و لەسەر زەوی دەخەون. گۆشت و سەوزەیان نادەنیٚ، خواردنیان زۆر کەمە. دەشیٚ لە پاشە رۆژا لە برسا و لەبەر کەمی خواردن نەخۆشییان تیٚدا پەیدا بیٚ. هەروەها ناوچەکە گەلیٚک ساردە و زۆر زەحمەتە بتوانن خۆیان لە سەرما بپاریٚزن. منداڵان بەرگەی سەرما ناگرن و دەشیٚ لە سەرمادا بمرن. باری تەندروستیان پڕ خراپە و ئەگەر نەخۆشیی «ڤەگر» ساری پەیدا بیٚ دەبیٚتە هۆی ئەنجامیٚکی یەکجار خراپ. بەکورتی باری ژیانیان خراپە و ئاشکرایە حاڵی ئەم ئۆردوگایەی دیاربەکر لە ئۆردوگاکانی تر چاکترە. ئۆردوگای ماردینیش وەک ئەوەی دیاربەکرە، بەڵام باری ئۆردوگاکانی گەڤەر (yuksekova) و سلۆپی تەواو خراپن.

بەربانگ: ئایا بە باوەڕی تۆ خاچی سووری سویٚدی و حکومەتی سویٚدی وەک پیٚویستە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا رەفتاریان کردووە؟

یان کاستیت: دوای هاتنەوەم، لەگەڵ بەرپرسیارانی حکومەت و خاچی سوور قسەم کردووە. ویستم بزانم ئایا دەیانەویٚت چۆن و بە چ ریٚگایەک یارمەتی بدەن، بەڵام زانیارییەکی وام دەست نەکەوت. بەڵیٚ، بۆ پاشە رۆژیش هەرچی بکەن بەلای منەوە کەمە. دەبیٚ مرۆڤ بیر لە شتی پراکتیک بکاتەوە. تورکیا دەیەویٚت ئەم کارە بەپیٚی ئارەزووی خۆی ئەنجام بدات. بەڵام گەر مرۆڤ بەدوای ئەو بیرۆکراسیەدا بڕوات، پەنابەرەکان زیانیان لیٚ دەکەویٚت و لە سەرمادا رەق دەبنەوە.

تورکیا یاری خۆی دەکات، بەتەنیا ئەمەریکا دەتوانیٚ ئەم یارییە تیٚک بدات. پیٚویستە رای گشتی جیهانی بە توندی دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە.

تورکیا داوای لە هەندیٚ لە وڵاتانی ئەوروپا کردبوو کە ژمارەیەک لە پەنابەرەکان وەربگریٚت، بەڵام تا ئیٚستا وەڵامیٚکی وەرنەگرتووە. دەبیٚ لەم رووەوە سوید بەپەلە بڕیار بدات و بڕیاری خۆی جیٚبەجیٚ بکات.

داواکراوە لە سوید کە ۲۲ کەس وەربگریٚ. زۆر سەیرە کە نە لەناو وتەکەی نویٚنەری سویٚدا ـستیٚن ئەندرشۆنـ لە نەتەوە یەکگرتووەکان و نە لە راگەیاندنی حکومەتدا باسی ئەم شتە نەکراوە، سەیرە.

دەبیٚ مرۆڤ زۆر لە حکومەت بکات، هەروەها دەبیٚ لە مەڵبەندە نیٚونەتەوەییەکاندا زۆر لە تورکیا بکریٚت بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد. ئەگەر نا، دەبیٚ مرۆڤ خەبات بکات بۆ دەرکردنی تورکیا لە کۆمەڵگای ئەوروپی. چونکە ئەمە کیٚشەی مان و نەمانی مرۆڤانە. کاری بەرەنگاری کردن زۆر گرنگە و ئەرکی هەموومانە. دەبیٚ گروپیٚک لە کورد و سویٚدی درووست بیٚ کە گشت پارتییەکانی سویٚدی تیٚدا بن و ئەم گروپە لە چوارچیٚوەی مۆدیٚلی سویددا کار بکەن.

پاش هاتنەوە لە رادیۆی مەرکەزی سویددا بەشداری پرۆگرامیٚک بووم. جگە لەوە بە شیٚوەیەکی گشتی بیٚدەنگی هەبوو.

بەربانگ: بەبیروبۆچوونی تۆ کورد بۆ خۆیان دەتوانن چی بکەن؟

یان کاستیت: دەبیٚ کورد لەگەڵ گەلیٚک پارتی و ریٚکخراوی سویدی کاربکەن، بەخۆپیشاندان دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە، پەیوەنی خۆیان لەگەڵ رۆژنامەکان بەهیٚز بکەن، هەوڵ بدەن کە باسی مەسەلەکە بکریٚ و لەسەری بنووسریٚ، هەروەها لەم بوارەدا زانیاری دان رۆڵیٚکی مەزنی هەیە، گەلیٚک کەس ئاگای لە حاڵی ئەوان نییە، دەبیٚ بەشیٚوەیەکی ریٚکوپیٚک دەنگوباس و باری ناوخۆ بگاتە سوید و فیدراسیۆن دەتوانیٚ بەم کارە هەستیٚ. چونکە ئەم روداوە روداویٚکی گرنگ و تراژیدیی میٚژووی کوردانە.

بەربانگ: زۆر سوپاس یان کاستیت.

یان کاستیت: سوپاس.



www.arsivakurd.org

# چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەری سوێدی یان کاستیت



*یان کاستیت: ئەمە بەئاشکرا قەلاچۆکردنی میللەتێکە*

پارێزەری سوێدی، یان کاستیت، چووبووە کوردستانی تورکیا، لە دیاریەکر سەردانی ئۆردوگای کوردە ئاوارەکانی کوردستانی عێراقی کردبوو. بەم بۆنەیەوە «بەربانگ» چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا کرد و سەبارەت بەو سەردانە ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ کرد.

بەربانگ: بەرلەوەی بڕۆیتە کوردستان، لە ئەنقەرە چاوت بەچەند کوردێک کەوت کە ئەندامی پەرلەمانی تورکیان. چۆن دەڕوانیە ئەو چاوپێکەوتنە.

یان کاستیت: کە کەسانی کورد ببنە ئەندامی پەرلەمان مانای ئەوە نییە کە لە تورکیادا دیموکراسی هەیە. ئەوانە ناتوانن بەئاشکرا بۆ مەسەلەی کورد کار بکەن و ناتوانن چۆنیان دەوێت وا قسەبکەن. بەلام هەرچۆنێ بێ کەسانی کورد بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن، ئەمە نیشانەیەکە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی دیموکراسی. لەبەر ئەوەی هەندێکیان زیندانیان چێشتبوو، هەندێکیشیان حوکم درابوون، بۆچوونیان، قسەکردن و هەڵسوکەوتیان زۆر بەدڵی من بوون و بەبینینیان پێخۆشحاڵ بووم. ئەوانە مرۆڤی چاونەترسن. باری ئەمڕۆی ئەوان و خەباتکردنیان بۆ مەسەلەی کورد رەنگە زیانیان پێ بگەیەنێت، بەلام هەر جوامێرانە لەسەر باری کوردان قسەدەکەن.

بەربانگ: تا گەیشتنتان بۆ ئۆردوگای پەنابەرەکان لە دیاریەکر، زۆر کۆسپ و تەگەرە هاتە سەرڕێگاتان، بۆ؟



یان کاستیت: بەباوەڕی من ئەوە پەیوەندی هەیە بە سیاسەتی تورکیاوە سەبارەت بەباری ئێستای پەنابەرەکان. تورکیا دەیەوێت پەنابەرەکان ناچار بکات کە تورکیا بەجێ بهێڵن و بڕۆن بۆ ئێران، عێراق و سوریا یان ئەوروپا. بۆ نمونە پێویستیە سەرەکییەکانیان بۆ مسۆگەر ناکەن، وەک بەتانی، دۆشەک، خواردن و پێویستیەکانی پاکژی و داودەرمانیان نادەنێ، تا ناچاریان بکەن بۆ خۆیان تورکیا بەجێ بهێڵن. بۆ نمونە تورکیا داوای یارمەتی لە خاچی سوری جیهانی و نەتەوە یەکگرتووەکان نەکردوو و هەروەها ڕێگایان ناداتێ کە بڕۆن بەناو ئۆردوگای پەنابەرەکاندا بگەڕێن، جگە لە رۆژنامەنووسان ڕێگا نادەن کەسی تر بەناو ئۆردوگاکاندا بگەڕێ. هەڵبەتە نایانەوێ کەسی ئەوروپایی بچێتە ناو ئۆردوگاکان و باری کوردە پەنابەرەکان بزانێت. کاروباری پەنابەران بەدەست کۆمیتەیەکەوەیە کە لەلایەن بارەگای والی هەرێمەوە هەڵبژێردراون (لە کوردستانی تورکیا لە هەر پارێزگایەکدا والیەک هەیە و لە سەر هەمووشیانەوە والیەکی تر هەیە کە پێی دەگوترێ والیی هەرێم. ئەوەش تەنیا لە کوردستان وایە – بەربانگ). ئەم کاروبارانەش بە ئەقڵیەتی پۆلیسیانە دەبرێن بەڕێوە.

بەربانگ: یەکەم جار کە چاوت بە کوردە پەنابەرەکان کەوت لە ئۆردوگا، هەستت بەچی کرد؟

یان کاستیت: باری ژیانیان زۆر خراپ بوو، حەپەسام، جاران دەمگوت هەموو پێشمەرگەن. بەلام کە چاوم پێیان کەوت بۆم دەرکەوت کە گشت کوردی عێراقن و جل و بەرگی پێشمەرگە (جل‌وبەرگی کوردی – بەربانگ) لەبەر دەکەن. پاشان مرۆڤ باش

# پراڤدا چۆن دەنووسێت؟

سەبارەت بەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی فاشیی عێراقەوە دژی گەلی کورد و سەبارەت بە ئاوارەبوونی پتر لە سەد هەزار مرۆڤ. رۆژنامەی پراڤدا دیواری بێدەنگیی شکاند و رۆژی ٩٨٨/٩/١١ ئەم راپۆرتەی بلاوکردەوە کە پەیامنێرەکەی لە واشنتۆنەوە بۆی ناردبوو.

«زۆرهێنان بۆ عێراق»

واشنتۆن . ١ لە پەیامنێری «پراڤدا»وە

واشنتۆن هەموو جارێ لە رەوشت بەرزیدا خۆی دەکا بە نموونە و سەرباشقەی هەموو دنیا، بەلام ئەم خۆپیشاندانەی بە مەشقێکی تەلەکەبازانە و نزم کارانە و ریاکارانە دەشکێتەوە. هەموو سیناتەکانی کۆنگرێسی ئەمریکایی بەیەک دەنگ، سزا و گەمارۆدانی ئابووریيان دژی عێراق پەسەند کرد، چونکە عێراقیان بەوە تاوانبار کردووە، کە «بەشێوەیەکی ناهەموار یاسای نێودەولەتیی پێشێل کردووە». یاسادانەرەکان دەیانەوێ قەرز بەم ولاتە عەرەبیە نەردێ، تفاق و کەرەسەی پیشەسازیی نەوتی پێ نەفرۆشرێت و نەوتەکەشی لێ نەکڕدرێت، هەروەها سوورن لەسەرئەوەش کە دەبێ ئەمریکا جڤاتێکی نێودەولەتی بۆ قەرز و یارمەتی نەدان بەبەغدا سازبکات.

عێراق چ سوێرییەکی «دەردێکی» بە سیناتە ئەمریکاییەکان داوە؟ بەرودوا هەر ئەو هەواڵە پڕهاشە و هەڵچوون و تەماوی و نادیارەیە، کە گوایە عێراق لە شەڕدا لە دژی کوردە راپەڕیوەکان گازی ژەهراوی بەکارهێناوە. ئەم دەنگوباسەش تەنها لەدەمی چەند کوردێکی هەلاتوو داکەوتوون.

ئەینا هیچ بەلگەیەکی تر، کە جەوهەری بێ، بەدەست واشنتۆنەوە نییە. لەگەڵ ئەمەشدا «شۆلس»ی سکرتێری دەولەتی و هەندێ لە کاربەدەستە دیارەکانی تری ئەمەریکا، لەم رۆژانەی دواییدا چەندەها جار لە دژی عێراق قسەیان کردووە و تاوانباریان کردووە. لەمەدا سەرنجیان بۆ ئەوەش راکێشاوە، کە «ج. رێدمێن»ی نوێنەری دەزگای کاروباری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەهیچ شێوەیەک نایەوێ لەوە بدوێ، کە ئەم تۆمەتدانە پاڵە لەسەر چ ئەساسێکە.

ئیدارە و کۆنگرێسی ئەمریکایی بەهەمان کەللەرەقی و جۆشەوە ئەو بانگەوازەی «سەعدوون حەمادی» وەزیری دەولەت بۆ کاروباری دەرەوەی عێراق بەرپەرچ دایەوە و رەت کردەوە و پشتگوێیان خست، کە لە کۆنگرە رۆژنامەنوسییەکەیدا لە پایتەختی ئەمریکا بلاوی کردەوە و بە شێوەیەکی راشکاو و کوتومت و بنەڕەتی، زۆرچاک هەموو بەند و باوی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەدرۆخستەوە.

ئەوان هەر نەشیاندەویست گوێ لێ بگرن (واتە لە سەعدوون حەمادی)، چونکە مەرام و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە. بەهەڵەدا نەچووین ئەگەر بڵێین یەکێک لەو مەبەست و هۆیانە - کێشەی سیاسی و ئابووری بۆ عێراق درووستکردنە و دەیانەوێ ئاوا «تەمێی بکەن و سەری پێشۆڕ بکەن».

بەهەرحاڵ، ئەم پێشنیارەی سیناتەکان دەچێتە بەردەم نوێنەرانی کۆنگرێس و وا چاوەڕوان دەکرێ ئەوانیش بیسەلمێنن و پشتگیری لێ بکەن. ئەوانەی بە گەرمەوە خەریکی ئەو سزادانەن وایان داناوە، کە بە خێرایی کار لە عێراق دەکات - چونکە عێراق کەوتۆتە ژێرباری زۆری قەرزێکی ٦٠ ملیارد دۆلارییەوە. ئەو نەوتەی عێراق بۆ ئەمریکای دەنێرێ چەردەیەکی کەمە، بەلام بەغدا لە باتی ئەوە ٨٠٠ ملیۆن دۆلاری لێ وەردەگرێ □

ف. گان.

# رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین پشتی رژێمی عێراق دەگرێت

رۆژی ١٩٨٨/٩/٢٠ لە تونس قسەکەرێک بەناوی رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینییەوە (ر. ئا. ف.) رایگەیاند کە ئەم هێرشەی کۆنگرێسی ئەمریکا بەنیازی ترساندنی عێراقە کە ئێستا لە گفتوگۆیەکی سەختدایە لەبەرامبەر کەللەرەقی ئێراندا و بەئامانجی دوورخستنەوەی سەرنجی رای گشتی جیهانییە لە راپەڕینی فەلەستینییەکان و سیاسەتی تیروری رەسمی زایۆنی دژی گەلی فەلەستین.

هەروەها وتی کە کەس بەم هێرشەی ئەمەریکا ناخەڵەتێ، بەتایبەتی رای گشتی ئەمریکایی، کە دەزانێت کۆنگرێس لایەنگری ئیسرائیلە و دوژمنایەتی عەرەب دەکات .... قسەکەر گوتی سەرەڕای ئەوەش کە دوای ئەوەی پسپۆڕەکانی تورکیا هەزاران کوردیان فەحس کرد و تورکیا بەرەسمی شتەکەی نەفی کرد، بەلام ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەردەوامە لە هێرشەکەیدا و کۆنگرێس دەیەوێت توندتری بکات ... هەروەها گوتی ئەم هێرشە ناتوانێ عێراق دوور بخاتەوە لە پشتگیری کردنی کێشەی فەلەستین کە هەمیشە بە هەموو هێزێکیەوە پشتگیریی کردووە.

* * *

کە حکومەتە عەرەبییەکان پشتگیری رژێمی عێراق بکەن وەک کارێکی رۆتینی و زۆر سادە هەمیشە چاوەڕوان کراو سەیر دەکرێ و کەس چاوەڕوانی پێچەوانە ناکات ... بەلام گەر (ر. ئا. ف.) کە نوێنەری گەلێکی چەوساوەی بەشکراوی ولات داگیرکراوی خاوەن شۆڕش و راپەڕینە و گەلی کورد هەمیشە پشتگیری کردوون و تەنانەت شەهیدیشی داوە لە پێناوی مەسەلەکەیاندا، ئەم جۆرە هەلوێستەی لێ بوەشێتەوە! بێگومان کوردیش وەک یەکێ لەو حکومەتە عەرەبیانە سەیری ئەم رێکخراوەش دەکات.

بەربانگ

www.institutkurde.org



## نامەی سەرۆک وەزیران

رۆژ ١٩٨٨/٩/١٣
ژمارە ٨٨/١٩٣٨

کەیا ئیزۆل سەرۆکی فیدراسۆنی کوردی
سوپاس بۆ نامەکانت کە ٩/٢ ناردبووت.

وەزیری دەرەوە، ستێن ئەندرشۆن، لە رۆژی ٥/ ئەیلولدا پێشوازی لە چەند نوێنەرێکی کوردی عێراق کرد و ئاشکرای کرد کە حکومەتی سوێدی بە جدی و بە نیگەرانییەوە سەرنج دەدات لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی.

حکومەتی ئێمە، زیاتر لە جارێک، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، لە (ر. ن. ی.) و لەسەر گۆرەپانی نێونەتەوەییدا تاوانبار کردووە.

لەگەڵ ئەم نامەیەدا، راگەیاندنێکی رۆژنامەگەری هەیە کە لە وەزارەتی دەرەوەی سوێد دەرچووە، داوا لە (ر. ن. ی.) دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی کورد لە عێراق.

هیوادارم هەموو میللەتانی ناوچە سوود لە وەستانی جەنگی ئێران و عێراق ببینن.

لەگەڵ سڵاوی دۆستانە
ئینگڤار کارلسیون
سەرەک وەزیرانی سوێد

## نامەی وەزیری دەرەوە

١٩٨٨/٩/١٤

کەیا ئیزۆل سەرۆکی فیدراسیۆنی کوردی
سوپاس بۆ نامەکەت کە سەبارەت بە گەلی کورد بوو لە عێراق.

سوید و وڵاتەکانی تری سکەندیناڤیا مەسەلەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە بردووە بۆ (ر. ن. ی.)، هەروەها ئێمە ئامادەیی خۆمان راگەیاند بۆ ئەوەی کە پسپۆرەکانمان ئامادەن بۆ بەشداری بوون لە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە.

حکومەتی ئێمە، پێش ئێستاش، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جەنگی ئێران و عێراقدا تاوانبار کرد وەک تاوانێک دژی مافی میللەتان. هەروەها ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆتایی مانگی رابوردوودا ئەم کارەی تاوانبار کرد. قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی بێ هیچ مەرجێک دەبێ جێبەجێ بکرێ.

من دەخوازم بڵێم کە سوێد ئامادەیە لەرێی کۆمیتەی پەنابەرانی سەر بە ر. ن. ی. و خاچی سووری جیهانییەوە هەر یارمەتییەک لە تواناداا بێت پێشکەشی بکات بۆ پەنابەرەکانی ناوچەکە.

لەگەڵ سڵاوی دۆستانە
ستێن ئەندرشۆن
وەزیری دەرەوەی سوێد

---

وەزارەتی دەرەوە
بەشی راگەیاندن
١٩٨٨/٩/٧

# راگەیاندنی رۆژنامەگەری

راگەیاندنی وەزیری دەرەوە ستێن ئەندرشۆن دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی کورد لە عێراق.

حکومەتی سوێدی بە نیگەرانییەوە دەنگوباسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە کورد لە عێراق پێگەیشت. ئیمرۆ حکومەتی سوێد لەگەڵ دەوڵەتە سکەندیناڤیەکان داوایەکیان پێشکەش سکرتێری (ر. ن. ی.) کرد کە لێکۆڵینەوەیەک بکەن لەسەر مەسەلەی راستی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی. لەلایەن سوێدەوە، وەکوو جارانی تری پێشوو، ئێمە ئامادەین کە پسپۆرانی خۆمان تەرخان بکەین بۆ ئەم مەبەستە. حکومەت پێش ئێستاش بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جەنگی ئێران و عێراقدا تاوانبار کردووە وەک تاوانێک دژ بە مافی میللەتان.

قەدەغەکردنی نێونەتەوەیی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی پێویستە بێ هیچ مەرجێک جێبەجێ بکرێت.



لە ناوەوەش تەها محیٚدین و میوانەکان ناچاربوون کە بە دزیەوە وەزارەت بە جێبهێڵن و بڕۆن بۆ خانوویەکی تری نزیک بە وەزارەت بۆ نانخواردن. ڕۆژنامەنووسێکی سوێدی لەزمانی دیبلۆماسییەکەوە دەگێڕێتەوە: «کە بە تەها محیٚدین یان گوت شتێکی وا ڕووی داوە، هێمن دیار بوو، بەڵام ڕازی بوو شوێنەکە بگۆڕێت.

بەدرێژایی کاتەکە پتر لە پەنجا پۆلیس هەموو ڕێگاکانیان تەنی و خۆیان ئامادەکردبوو بۆ هەر جۆرە ڕووداوێکی دراماتیکی کوتوپڕ.

دوای دوو سەعات و نیو لە گفتوگۆی بەردەوام لە نێوان پۆلیس و ئەو کوردەدا، سەعات ٢,٣٥ پاش نیوەڕۆ، لە ئوتومبیلەکەی هاتە خوارێ و خۆی دایە دەست پۆلیس. دوابەدوای ئەوە خۆپیشاندانەکە کۆتایی پیٚهێنرا.

ئەم ڕووداوە، بە توندی سەرنجی گشت لایەکی بە لای خویدا ڕاکێشا. پەیامنێری ڕادیۆی ستۆکهۆلم ڕاستەوخۆ لە شوێنی ڕووداوەکەوە پەیتا پەیتا دەنگوباسی دەگەیاندە گوێگران... نوێنەرانی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان ئامادەبوون. بۆ ئێوارە هەردوو کەنالی تەلەفزیۆنی سوێدی لەگەڵ باسکردن و پیشاندانی ڕووداوەکە باسی مەسەلەی کوردیان کرد و چەند وێنەیەکی کوشتارەکەی هەڵەبجە و هێندێ شوێنی تری وێرانکراوی کوردستان و هەندێ لە بریندارانی چەکی کیمیایی یان پیشاندا. نوێنەری تەلەفزیۆن سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی گەلی کورد پرسیاری لە تەها محیٚدین کرد و ئەویش بەم شێوەیە نۆکەریی خۆی بۆ ڕژێمی بەعس سەلماند و گوتی: «لایەنگرانی تالەبانی و لایەنە یاخی بووەکانی تر پەنایان دەبردە بەر گوندە بیٚدەسەلاتەکان و لەناو ئەم گوندانەوە شەڕیان دەکرد، ئەوە بوە هۆی ئەوەی دانیشتوانی ئەم گوندانە تووشی کوشتار و بۆردومان کردن ببن، لە بەر هۆی ئەمنی، ئەم حاڵەتە بووە هۆی دوورخستنەوەی دانیشتوان لە هەندێ لەو گوند و ناوچانەدا و گوێزرانەوە بۆ شوێنە بیٚمەترسییەکان و بۆ ئەو گوندانەی کە لەوانەی جارانیان زیاتر هاوچەرخانە و ئەمینترن».

هەروەها تەلەفزیۆن ڕایگەیاند کە بەیانی، واتە ١٩٨٨/١١/١٢ تەها محیٚدین سوێد بەجیٚدەهێڵێت.

ڕۆژی ١٩٨٨/١١/١٢ ڕۆژنامە هەرە مەزنەکانی سوێد بەشێکی زۆری لاپەڕەی یەکەمی خۆیان بۆ باسکردنی ئەم ڕووداوە تەرخانکرد.

شایەنی باسە لێرەدا باسی ئەوەش بکەین کە لە کانوونی دووەمی ١٩٨٧ دا پیاوێکی سوێدی لە بەغداد بەتاوانی سیخوڕی و دۆلار گۆڕینەوە لە بازاری ڕەشدا گیرابوو. دوای ئەم هاتنەی تەها محیٚدین بۆ سوێد، بە فەرمانی سەدام حسێن، ئەو پیاوە سوێدیە لە زیندان بەردرا و ڕۆژی ١٩٨٨/١١/١٥ گەڕایەوە بۆ سوێد.

ئاشکرایە، هاتنی تەها محیٚدین بۆ ئەورووپا بەگشتی و سوێد بەتایبەتی، لەم کاتەدا، بە نیازی پروپاگەندە کردنە بۆ ڕژێمی فاشی عیراق و پاکانەکردنە بۆ ئەو هەموو تاوانە بیٚ وێنانەی لە کوردستاندا دژی کورد ئەنجام دەدرێت. تەها محیٚدین دەیویست لافی ئەوە لێبدات کە کورد لە کوردستانی عیراق گشت مافێکیان هەیە و هیچ گیروگرفتیان لەگەڵ بەعسیەکاندا نییە... ئەوەتا ئەم بۆ خۆی کوردە وساڵەهای ساڵە جێگری سەرۆک کۆمارە! تا بەم شێوەیە گلەیی لە سوێد و وڵاتانی تری ڕۆژاوا بکات و پێیان بڵێت بۆ لە خۆڕایی لە سەر کورد کردوویانە بە هەرا! بەڵام کوردە ئاوارەکان ریسەکەی تەها محیٚدین یان کردەوە بە خوری.

www.arsivakurdi.org

# ئابڕووبردنی تەها محیٔدین لە سوێد

... تەها محیٔدین مەعرووف، جێگری سەدام، بە سەردانێکی ڕەسمی هات بۆ سوێد. ڕۆژی پێنجشەممە ١٩٨٨/١١/١. چاوی بە سەرۆک وەزیرانی سوێدی کەوتبوو. لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکاندا سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، وتبووی: بۆ بەرگری کردن لە وڵات مافی بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکمان هەیە. لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی کێشەی کورد وتوویەتی: لە عیراق کێشەی کوردمان نییە.

هەمان ڕۆژ ڕێکخستنی ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە سوێد، یاداشتێکیان پێشکەش کرد بە حوکومەتی سوێدی، بۆ نارەزایی دەربرین سەبارەت بە پێشوازی کردن لە نوێنەری ڕژێمی فاشی عیراق. هەروەها فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوێد نامەیەکی نارد بۆ وەزارەتی دەرەوەی سوێدی بۆ هەمان مەبەست.

بۆ ڕۆژی دوایی، ١٩٨٨/١١/١١، زانرا کە نیاز وایە تەها محیٔدین بڕوات بۆ وەزارەتی دەرەوە و لەگەڵ «ستێن ئەندەرشۆن» ی وەزیری دەرەوەی سوێدی بکەوێتە گفتوگۆکردن.

پتر لە پەنجا کوردی ئاوارەی سوێد، بۆ خۆپیشاندان، هەر لە سەعات نۆی سەر لە بەیانیەوە ، چوونە گۆڕەپانی «گۆستاڤ ئەدۆلف» و بەرامبەر وەزارەتی دەرەوە ڕاوەستان. کۆمەڵێ وێنەی شەهید و بریندارانی چەکی کیمیاوی و چەند دروشمێکی تریان دژ بە ڕژێمی عیراق بەرز کردەوە... پاشماوەیەک، وەزیری دەرەوەی سوێدی هات بۆ لای خۆپیشاندەرەکان و لەگەڵیان کەوتە گفتوگۆکردن و گوێ لە داخوازییەکانیان گرت...

بەڵام دیاربوو تەها محیٔدین بە دزیەوە، لە دەرگایەکی ترەوە چووبوە ناو خانوی وەزارەتەوە، لەوێ، لە گەڵ کۆمەڵێ باڵوێزی وڵاتانی تر لە ستۆکهۆلم، میوانی وەزیری دەرەوە بوون بۆ نانی نیوەڕۆ خواردن.

سەعات دوانزەی نیوەڕۆ کارێکی نائاسایی و چاوەڕوان نەکراو ڕووی دا، بۆ ماوەی دوو سەعات و نیو بەردەوام سەرنجی هەموو لایەکی بەلای خۆپیشاندانەکەدا ڕاکێشا و بەتەواوی ڕژێمی فاشی عیراقی ڕیسوا کرد و لە سوێدیش ئاپڕووی تەها محیٔدینی برد.

سەعات دوانزەی نیوەڕۆ، یەکێک لە کوردە ئاوارەکانی سوێد، لە ناکاو بە ئوتومبیلەکەیەوە، بە هۆڕن لێدان، بە ناوپۆلیسەکاندا تێپەڕی و چووە بەر دەرگای وەزارەتی دەرەوە. هەر زوو داوای کرد کەس نزیکی نەبێت، چونکە، جگە لەوەی کە بەنزینی بە ناو ئوتومبیلەکە و بەسەر جلەکانی خۆیدا ڕژاندوە پێنج لیتر بەنزینی تریشی لە باوەشیدا داناوە و چەرخێکیشی بەدەستەوەیە. هەڕەشەی ئەوەی کرد گەر تا یەک سەعاتی تر تەها محیٔدین سوێد بە جێنەهێڵێ ئەم لە بەردەم وەزارەتدا گڕ بەردەداتە خۆی و ئوتومبیلەکەی.

لە هەمان کاتدا خۆپیشاندەرکان بە گەرمی پشتیوانیان لەم کوردە دەکرد و گەرمتر دژی ڕژێمی عیراق هاواریان دەکرد.




Illustration: LENNART LINDGREN

www.aleiyakurd.org



İstanbulda çıkan Köroğlu gazetesi 13 Eylül 1938 gün. 1083 sayılı nushasında zehirli gaz bombalarıyla Dersimde katliam yapılmakta olduğuna dair yukarıki karikaturu yayınlamış ve şu tehdidleri savurmuştu:

**Aç gözünü!...**

*Çelik türk ordusu şimşek gibi çakıp bütün dünyanın gözlerini nasıl açtı ise, onbeş yıldır yurdumuzda parlıyan medeniyet güneşini görüp uyanmiyanların gözünü de öyle açar.*

*Aç gözünü, açarız gözünü !...*

## پێش پەنجا ساڵ تورکیا دژی گەلی کورد گازی کیمیایی بەکار هێناوە

پێش پەنجا ساڵ لەمەوبەر، لە ئەیلول و ئوکتۆبەری ۱۹۳۸دا، بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشە پیرۆزەکەی دەرسیم، کەمالیەکانی تورکیا پە نایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی گازی کیمیایی.

بەم جۆرە چەکە، هەزاران ژن و منداڵ و پیر و لاوی کوردیان شەهید کردوە و دەیان هەزاری تریشیان ئاوارە و پەرەوازە کردووە.

رۆژنامەی «کوێر ئوغلی» کە لە ئەستەمبوڵ دەردەچوو لە ژمارە ۱۰۸۳ی رۆژی ۱۳/ئەیلولی ۱۹۳۸دا ئەم کاریکاتێرەی سەبارەت بە بەکۆمەڵ کوژی گەلی کورد، بەبۆمبای کیمیایی بلاوکردۆتەوە و لەژێر کاریکاتێرەکەشدا ئەم هەڕەشەیە نووسراوە. چاوت بکەرەوە

هەروەک چۆن لەشکری پۆلاینیی تورک بروسکە ئاسا چاوی جیهانی کردەوە، ئاوەهاش دەتوانێ چاوی ئەوانە بکاتەوە کە وشیار نابنەوە و ئەو خۆری مەدەنیەتە نابینن کە ئەمە پانزە ساڵە لە ولاتی ئێمە هەڵهاتووە.

چاوت بکەرەوە، ئەگینا ئێمە چاوت دەکەینەوە.

* ئەم کاریکاتێرە لە کتێبی «بیری نەتەوەیی ...» مامۆستا جەمال نەبەز وەرگیراوە.


# بەربانگ

ئۆرگانی فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد

بەرپرسیار
مەحموود لەوەندی

دەستەی نووسەران
باقی ئازی — دارا رەشید
س. رێڤینگ — مۆئەیەد تەیب
مەحموود لەوەندی

ئابونەی ساڵانە: ۱۰۰ کرۆنی سوێدییە.
بۆ دەزگاکان ۲۰۰ کرۆنی سوێدییە.

دەستەی نووسەران بەرپرسیار نیە لە نووسین و وتارەکانی فدراسیۆن و لەو نووسینانەی بە ئیمزای خاوەنەکانیان بلاودەکرێنەوە.

ناونیشان:
BERBANG
Box 45205,
104 30 STOCKHOLM

تەلەفۆن:
08 - 668 60 60

پۆستگیرۆ:
64 38 80-8

پیتچنینی نووسینگەی ئارا.
Box 2068, 172 02 Sundbyberg

ژمارە (۵۳) نۆڤەمبەری ۱۹۸۸ ساڵ (۷)


www.arsivakurd.org

# ژن

سەردادەخەم،
بۆ جەمیلە سەردادەخەم،
بۆ ژان دارک و تریشکۆفە سەردادەخەم.
بەلاّم بۆ هەرژنێک،
لە خاکی پڕ مەرگی مندا
پێ لە جەرگی خۆی بنێت و ببێ بە داک،
لەبەر پێیدا کرنووش دەبەم
ناوچەوانم دەسووم لە خاک!

عەبدووڵلاّ پەشێو



وێنەی یەکێ لەو خێزانە کوردانەی کوردستانی عێراق کە لەبەر هێرشی کیمیایی پەنایان بردۆتە بەر تورکیا.
فۆتۆ: جێمس ئەکتو - گۆڤاری شتیرن ٢٢/ئەیلولی ١٩٨٨.

# بەربانگ

گۆڤاری فەدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوید




ژمارە ٥٣